زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسێی ژمارە ( ٧ )



دۆسێی:

# فەرهاد پیربال

## بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی!

نوسینی محەمەد هەریری

چاپی ئەلیکترۆنی یەکەم : ئاداری ٢٠١٩

زنجیرەی دۆسییە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسیی ژمارە ( ٧ )

# دۆسیی:

# فەرهاد پیربال

# بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی!

نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: ئاداری ٢٠١٩

# پێشەکی

کەس بە قەد فەرهاد پیربال سەری لە من و لە خەڵک و خۆشی نە شێواندوە! پەنجا وتار و پۆستم لەسەری کردوە نیوەی بەرگرییە لێی، نیوەکەی تریش ڕەخنەیە لێی!

زۆرجار بڕیارم داوە بە باش و خراپ قسەی لەسەر نەکەم، بەڵام ناچارم دەکات بە ڕەفتار و کارو قسەکانی بێمەوە گۆ! لەوەتی لێیان داوە لە هەولێر شەش بیرۆکەی دژ و لەگەڵم لەلا دروست بووە و نەمنوسیوە!

بۆ نموونە پێمباشە داوای یەک ملیۆن دۆلار دەکات وەک قەرەبوو!

بەڵام پاش لێدانەکەی ڤیدیۆی جنێوەکانی بە نەوزاد هادیم دیت. بەڕاستی سەرەڕای ستەملێکراویشی، زۆر جوێنی قێزەون دەدا، کە نابێت لەو تەمەنە بیدات!

کورد بەبێ هێز پێی بڵێیت ژنت ب.....م شێت و هار دەبێت، ئەخر تۆ ئەو جوێنە بە پارێزگار بدەیت و خاوەن ئەو هێز و دەسەڵاتەش بێت هەر چاکە بە زیندوویی لێی دەرچوویت! من ناڵێم ئەوەی پارێزگار کردی ڕاستە، بەس باسی سروشتی پیاوی کورد دەکەم.

فەرهاد جاروبار لەوپەڕی مرۆڤ دۆستی دەردەکەوێت، جاروباریش وەک فاشسترین مرۆڤ! ئەو سوکایەتییەی ئەو کردی بە عەرەبێکی عەگال بەسەری تەمەندار بەڕاستی لە مرۆڤێک ناوەشێتەوە کە ئەلف وبێی مافی مرۆڤ بزانێت!

لەگەڵ ئەوەم فەرهاد بنووسی و لێکۆڵینەوە بکات، بەڵام دژی ئەوەم بەبێ ئامادەیی قسە بۆ خەڵک ومیدیا بکات، یان گۆرانی بڵێت بەو دەنگە سەرخۆشەیەوە!

لەگەڵ ئەوەم کاتی ڕەخنە دەگرێت لە داروبەردی سیاسیەکان دەگرێت، جوێنیان پێدەدات، ، بەڵام لەگەڵ ئەوە نیم جوێن بە سەرکردەکانی ئەوبەر بدات، خۆی بکاتە سەگی بەر قاپی ماڵی بارزانی و باقی سەرکردەکانی بەری خۆی! خۆ ئەوانەی جوێنیان پێدەدا لەوبەر هەرچی بن، خراپتر نابن لەوانەی بەرەکەی خۆی!

لەگەڵ ئەوەی نیم بەدوای ئەوانە ناگەڕێت کە خەمخۆرینە، تا دوو وشەیان لێ فێربێت، کەچی دەچی لەگەڵ بێ بەهاترین وپیسترین جاسووسی حزبی وجوێندەری ئینتەرنێت لە ئەمسالی قوندۆ و سەرکاو ئەستێرە پەیوەندی دەکات وستایشیان دەکات! پشتگیری کردن لەو دیاردەیەی جوێندان وستایشکردنی هێماکانی کارێکی زۆر تێکدەرانەیە، و لە کەسێک ناوەشێتەوە خۆی پێ ڕۆشنبیر وخاوەنی حەفتا کتێب بێ وەک زوو زوو پیربال وادەڵێ!

پێمخۆش بوو کە دەچووە ناو خۆپیشاندانەکانی دژی گەندەڵی وشەڕی براکوژی، بەڵام پێمناخۆشە لەبەردەم مەحکەمە بۆ جەماوەرێکی بێ زەوقی ترسنۆکی گاڵتەجار، بەو جۆرە خۆی ڕووت کاتەوە و خۆی بکاتە جێگای پێکەنین و قەشمەری خەڵکانێکی قەشمەری ناجیدی بێ خەم!

پێمخۆشە کاتێ باسی قورئانەکەی دایکی دەکات وەک دینداریەکی ئاسایی شەعبی یان گەلێری، بەڵام تا سەرئێسقان لێی پەست بووم، کاتێ وەک منداڵێکی تازە فەقێ خۆی دەهاوێشتە پەنا وباوەشی دەجالێکی وەک مەلا عەلی کەڵەکێ!

فەرهاد زۆر شتیتری هەیە پێمخۆشە، بەڵام زۆرشتیتریشی هەیە زۆرم پێناخۆشە کە دەیکات! لەو پێخۆش بوونە وپێناخۆشبوونە سەرم سوڕماوە، ڕۆژێ لەگەڵیمە و ڕۆژی لە دژیمە.!

پێمباشبوو کە ئەو دۆسێیە ناوبنێم بە فەرهادپیربال بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! مەبەستم لە وشەی بەهلول سوکایەتی وگاڵتە نییە، بەڵکو لێکچواندنێکە لە نێوان ئەرکی بەهلولی کۆن و ئەرکی فەرهاد کە وەک بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی ناساندوومە!

وەک لە وتارەکەمدا هاتووە: "لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن کاری بەهلول لەو دەوڵەتە، هەر بە پێکەنین هێنانی هاروونە ڕەشید نەبوو، بەڵکو سوک کردنی هەژموونی ئیستبداد بوو لەسەر شانی خەڵک..." فەرهاد هەردوو سیفاتی بەهلولی تێدایە، لە ڕواڵەت لەگەڵ دەسەڵاتە و تۆقیوە لێیان، لە ناخیشدا لایەنگری خەڵکە، بەڵام نەدەتوانێ ونەدەزانێ چۆن هاوسەنگی بکات لەنێوان ئەو دووانە!

ڕەنگە ئەوە یەکەم کتێبێک یان نامیلکەیەک بێ لەسەر فەرهاد پیربال نووسرابێت بە تایبەتی. ئەو وتارانە کۆی ئەو وتارانەیە کە من لەسەر فەرهاد پیربال و دیاردەی پیرباڵیزمم نووسیوە. ئێستاش ڕایەکی جێگیرم لەسەر پیربال نییە، چونکە مرۆڤ لە گەمیەکی ناو دەریا بێت، هەڵچوون وداچوونی بەپێی هەڵچوون وداچوونی شەپۆڵەکانی دەریاکەیە.

فەرهادیش قەت کەسێکی جێگیر نەبووە لە بیرو کردەوە و رەفتاری، کەسێکە کۆنترۆڵکردنی سەختە هەتا لەلایەن ئەوانەی فەرهاد بە ڕوحیش لێیان دەترسێ، کەسێکە زۆر قورسە پابەند بێت بە فەرمان و ئاڕاستەکردن، کەسێکە سنووری ئازادی سڕیوەتەوە، بۆیە سەرئێشەکانی بێ سنوورن!

**محەمەد هەریری**

**٢٠١٩/٢/٢٧**

# بەشی یەکەم

## دیاردەی بەهلولیزم
## حزبایەتی وکوردایەتی و شارچیایەتی و ئافرەت

بەرلەوەی وتاری [بەهلولی دەسەڵاتی کوردی] بخوێنەوە، ڕەنگە باشتر بێت کەمێک باسی کار وکردەوەکانی بەهلولی عەرەبی ئیسلامی بکەین و باسی دیاردەی بەهلولییەت بکەین لە مێژوودا، بۆ ئەوەی زیاتر بۆمان ڕوون بێتەوە، لەبەرچی ئێمە فەرهاد پیربالمان بە بەهلول چواندووە؟! ئایە پاش تێپەڕبوونی ٦ ساڵ بەسەر نووسینی ئەو وتارە، فەرهاد پیربال لە کوێی بەهلول دایە!

جاری سەرەتا دەبێت بڵێین بوون بە بەهلول، و خۆ بەهلول کردن دیاردەیەکە لە مێژووی عەرەبی و ئیسلامیدا بە گشتی، بەڵام بەهلولی کوفە یان بەهلولی کوفی لە هەموویان ناودارترە. بەهلول هەر خۆی سیفەتە دەدرێتە پاڵ ئەوانەی لە یەک کاتدا پڕ حیکمەت و عەقڵن بەڵام خەڵک بە پێکەنین دەهێنن بە ڕەفتار و قسە و کردارییان!

لەو خاڵەدا فەرهاد پیربال هاوبەشە لەگەڵ بەهلولدا، کەس نییە نەزانی کە پیربال خاوەن فەرهەنگێک و عەقڵیەتێکی چاکە، بەڵام هەندی سەربزێوی و وشە وجوێن وکردار و جووڵەی هەمیشە مایەی پێکەنینی خەڵک بووە.

وەک گوتمان بەهلول لە ساڵی ١٩٠ هیجری وەفاتی کردوە، بەڵام لە مێژوودا بەهلولی زۆر هەڵکەوتوون، چونکە دیاردەی خۆ بەهلول کردن، شان بە شانی دیاردەی ئیستیبدادی سیاسی و تاغوت و ملهوڕەکان بوون لە مێژوودا. بۆ نمونە لە مێژوو ئەو بەهلولانە دەرکەوتوون:

الطفيل بن حكيم الطائي: کە لە شۆڕشی قوڕائەکان گیرا و ڕەوانەی لای حەجاجی کوڕی سەقەفی ملهوڕ کرا، حەجاج ویستی بیکوژێ و ئەویش خۆی شێت کرد، بە جۆرێک باوەڕی پێ هێنا، بەو شێوەیە ڕزگاری بوو لە مەرگ.

نوسەرێکی شیعە دەڵێت، دەیەها بەهلول لە مێژووی ئیسلامدا هەبوون لەوانە:

**١ بهلول أبو تميم کە شيعە بوو، فەرمودەناس بوو لە ڕاويەکانی ابن بابويە القمي أبي جعفر محمد بن علي بن الحسين القمي بوو کە مردووە لە { ٣٨١_٩٩١م } لە کتێبی [من لا يحضره الفقيه].**

**٢ البهلول بن حسان بن سنان التنوخي مردووە لە ٢٠٤ هـ کە خەڵکی الانبار بوو، کە کوڕەزاکەشی، بهلول ابن اسحق بن بهلول الانباري خۆی کردە بەهلول.**

**٣ابو القاسم البهلول بن محمد بن احمد بن اسحق مردووە لە ٣٨٠ هـ - سنة م٩٩٠ کە قازیش بوو.**

ئەو نووسەرە دەڵێ هەتا لەسەرەتای هەشتاکان بەهلولەک دەبینی بە ناوی الشيخ عز الدين الجزائري کە زانایەکی گەورەی شیعییە کوڕی زانا و شۆڕشگێڕێکی دژی ئینگلیز بووە، و سەرکردەی

شۆڕشی نەجەف بووە، بەناوی شێخ محمد جواد الجزائري، دەڵێت لەترسی دەسەڵات و بۆ دوورخستنەوەی شوبهەت لە خۆی خۆی بە بەهلول کرد بوو![1]

کەوابوو لە ڕژێمە ئیستیبدادیەکان، یان لە سایەی دکتاتۆر و سەرکردە پیاوکوژەکان، دیاردەی بەهلولیزم هەمیشە هەبووە کەم تا زۆر. لە بەرامبەریشدا کەسانێکیتر هەبوون ڕاستەوخۆ دژایەتی دەسەڵاتەکەیان کردووە، نەیانویستووە لە ترسی کوشتن ومردن و یان کاری چەپەڵ پێکردندا خۆیان بکەن بە بەهلول!

دەڵین بەهلول پیاوێکی زانا ودانا بووە، کاتیٚ هارونە ڕەشید داوای لێکردووە ببێتە قازی، و پشتگیری بکات لە کوشتنی موسای کازم، کە لە ئەهلی بەیت بوەوە، ونەوەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بووە. لەلایەک لەبەرئەوەی هارونە ڕەشیدی بە ستەمکار زانیوە، نەیویستوە ببێتە قازی ستەمکارێک و دووەم ئیمامی موسا کازمی بە بیٚ گوناە بینیوە، نەیویستوە فەتوایەکی وای بۆ بدات، بۆیە بۆ بەیانی قامێشێکی لەدەست گرت وڕایکردە بازاڕەوەک سواری ئەسپ بوویێت قامیشەکەی خستبوە نێوان قاچەکانی وڕایدەکد و دەیگووت خۆتان لادەن با ئەسپەکەم نەتانخاتە ژێر قاچەکانی!

بە هاڕونە ڕەشیدیان گووت: بەهلول شێت بووە! هاڕونە ڕەشید گووتی: شێت نەبووە، بەڵکو ڕای کرد دینەکەی ڕزگار کرد لە ئێمە! {ما جن، ولكن فر بدينه منا}

فەرهاد پیربال کە گەڕایەوە لە فەرەنسا ساڵی ١٩٩٤ پاش هەفتەیەک لە وەرگرتنی دکتۆراکەی، بە دڵێکی پڕ لە باوەڕ وئومێدەوە هاتەوە،

---

[1] البهلول...عارف في ديار الجاهلين، د.علاء الجوادي ٠٨/٠٤/٢٠١٢
http://www.alnoor.se/article.asp?id=١٤٩٢٠٥

کەسێکی کوردپەروەر بوو بە جیدی ویستی خزمەت بە کۆمەڵگای کوردی بکات و بەژداری بکات لە بنیاتنانی! ئەوانەی پێشی ئەو هەر لەوێبوون لە ١٩٩١ وە زۆریان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە شەوی تاریکی ئەو دەسەڵاتە زۆر درێژ دەبێت، بەڵام فەرهاد هەر لە هەمان ساڵی هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی ١٩٩٤ گەڕایەوە کوردستان، کە شەڕی براکوژی هەڵگیرسا، فەرهادپیربال لە خۆپیشاندانێکدا لە هەولێر و بانزینی کرد بەخۆیدا ، گووتی گەر شەڕ نەوەستێنن خۆم دەسوتێنم! بەڵام هەر سوودی نەبوو، چونکە شەڕ هەر بەردەوام بوو تا ڕێکەوتنەکەی واشنتن بە چاودێری مادلین ئۆلبرایت ١٩٩٨. هەروەها خۆپیشاندانەکانی دژی هەڕەشەی لەشکرکێشی تورکیا لە ٢٠٠٣ ، کە دەیویست کوردستانی باشوور داگیر بکات. هەڵوێستی زۆر باش وبەرز بوون.

**ئینجا کەوتە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات بە زمانێکی کۆمێدی زبر و ڕوشێنەر، ئینجا لەوێوە میحنەتی فەرهاد دەستی پێکرد، بەڵام زۆری نەبرد دەسەڵاتی سیاسی کە دیتیان فەرهاد خەریکە خەڵکیان لێ هاندەدات، کەوتنە ئەزیەتدانی و جەنگی دەروونی و بژێوی تا کار بەوە گەیشت لە زانکۆش دەریان کرد، لەبەر لێدوانەکانی وهەندی ڕەفتاری لە زانکۆ!**

**وادیار بوو فەرهاد بۆ ماوەیەک بەرگری کرد وبەرگەی هەموو ڕێکارە نێگەتیڤەکانی گرت کە لە دژیدا پیادە کرا. بەڵام وەک نووسەرێکی زۆر نزیک لە پارتی لە پێشوودا، کاک ئیبراهیم عەباس دەڵێت:**

"هەر کەسێک د. فەرهاد پیربال بناسێت، ئەزانێت ئەم مامۆستای زانکۆو نووسەرەی کورد خزمەتێکی چەندە زۆری ماڵی بارزانی و پارتی کردووە، بەڵام ئەی بۆچی دووچاری ئەم بەدبەختیانە کرا، وەڵامەکەی ئاسانە، چونکە ئەیانەوێت لەرێگای شێواندنی ژیانی فەرهادەوە نووسەرو

ئەکادیمی و رۆشنبیری کورد ئەوەندە ناشیرین بکەن، خەڵک هەر مەمنونی عەقلی خێڵەکی ئەوان بێت و لەناو خەڵکە خێڵەکیە نەخوێندەوارەکەیان، بڵێن فەرموو ئەوە حاڵی رۆشنبیرانە.

جێگیای خۆیەتی هەندێک زانیاری لەسەر کێشەکانی د.فەرهاد پیرباڵ لێرە ئاماژە پی بدەم کە تا ئێستا خەڵکی کوردستان نازانێت بۆچی ئەم پیاوە بەو شێوە دەمارەکانی گرژبوون و وەکو بەدبەختێک و سەرلێشێواوێک دەرئەکەویت. لەراستیدا لە دوای ساڵی ٢٠٠١ ەوە کە فەرهاد پیرباڵ ویستی سەرکەشی ئەوە بکات لە دەرەوەی پارتی خۆی بۆ سەرۆکی شارەوانی هەولێر هەڵبژێرێت، هێدی هێدی کەوتنە کێشە دروستکردن بۆ فەرهاد پیرباڵ، لەزانکۆ و لە میدیاکانیان دووریان خستەوە، بەڵام چونکە فەرهاد بەدیلێکی تری نەبوو، هەمیشە بە پشتوانیکردنی زارەکی لە مەسعود بارزانی لەسزا قورسەکان دەربازی ئەبوو، بەڵام موئەسەسەی بارزانی و دەزگای پاراستن و مەکتەبی نیچیرڤان هەریەکەیان بەشیوازێک بۆ شێواندنی ژیانی ئەو نووسەرەی هەولێر لە پیلان و بەرنامەی جۆراوجۆردابوون."[٢]

ئەو فشارانە فەرهاد پیرباڵی خستە ژێر بارێکی دەروونی مەترسیدار، بۆیە وای لێهات بە ئاشکرا ستایشی زۆری باڵی مسعود بارزانی و مەسروری دەکرد، کە ئەوەش کاردانەوەی نێچیرڤانی لێکەوتەوە، کەوتنە دژایەتی کردنی. مەترسی چارەنووسی هەر نووسەر وسیاسی و خاوەن هەڵوێستێک لەوەوە دەست پێدەکات، کاتی رِازی دەبیت بچیتە ژێر چەتر وياری دەزگايەکی جاسوسی. چونکە ئەوانەی ئەو دەزگایانە بەرِیوەدەبەن زۆربەیان داماڵرِوان لە هەموو مرۆڤایەتییەک و

[٢] بۆ ئەوەی لە کێشەکانی د. فەرهاد پیرباڵ حاڵیبین ، ئیبراهیم عەباس
http://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=١٥٢٥

ڕەوشتێکی مرۆیی وجوامێری. بەداخەوە فەرهاد تێکەوتنی لە ئاستی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریەی نەبوو. من لەبیرمە هێندە تۆخ خۆی سەر بە مەسعود بارزانی نیشان دەدا، هێندە خۆی سووک دەکرد وبێ نرخ دەکرد، هەموو ڕێگایەکی لەوانەی خۆشیشیان دەویست دەگرت بەرگریەکی لێبکەن!

لەو ساتانە بوو لە ٢٠١٣ وتارێکم نووسی بەناو: [فەرهاد پیربال بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی] ئەوەم لەبەرچاوگرتبوو، کە فەرهاد وەک بەهلول لەناخەوە دژی دەسەڵاتی هەولێرە، بەڵام لە ترساندا لە ڕواڵەت لەگەڵیان ڕێ دەکات وستایشیان دەکات.

فەرهاد وەک دیاردەی بەهلولیزم ویستی بە هەمان شێوە خۆی بپارێزێ لە ڕێگای خۆنیشاندانی وەک لایەنگیرێکی سەرسەختی باڵی مەسعود بارزانی. چونکە ئەو دەزانی کە ئەو کەسە لە لوتکەی هەرەمی بنەماڵەیی وحزبییە، بۆیە فەرهادیش خۆی هاوێشتە پەنای ئەو، بەڵام باڵەکەی مەسعود بارزانی لە بەرامبەر دژایەتی باڵەکەی نێچیرڤان زۆر بێ هەڵوێست بوون، لەنێو هەردووکیان تا دەهات پیربالیان دەهاڕێ! زۆرجار دەڵێم دەڵێی ئەو دوو باڵەی پارتی ڕێکەوتنیان هەبوو لەسەر هاڕینی فەرهاد، دەنا ماقوڵ نییە فەرهاد خۆی بداتە لایەک و دژایەتی لایەکەی تر بکات، کاتێ سزادەدرا لەلای ئەو باڵەی فەرهادیان هاندەدا بۆ دژایەتکردنی، ئەولایەش بێدەنگ بێت کە گوایە فەرهاد خۆ هاوێشتۆتە پەنایان؟!

کوردایەتی بەرخەکەی مەسعود بارزانی!

ڕاستیەکەی فەرهاد پیربال نەیتوانی هەتا کۆتایی ڕۆڵی بەهلولیش ببینی، چونکە بەهلول ڕاستە لە خەلیفە دەترسا بە ڕۆح بەڵام قەت ستایشی نەکردوە، هەمیشە بە ناڕاستەوخۆ تانەی لە عەدالەت و گەندەڵی خەلیفە دەدا، لەو ڕوەوە سەدان ڕووداو و نوکتەی سیاسی قووڵی هەیە. من لەوە تیناگەم یەکێک خۆی پی ڕۆشنبیرێکی وا گەورە بێت بەردەوام لە ستایشی کەسانێک بێت کە هۆکاری سەرەکی هەموو نەهامەتیەکانی خۆیی و کوردن.

ماقوڵ نییە کەسێکی ڕۆشنبیر لە نێوان چەند سەرکردەیەکی گەندەڵ یەکێکیان پەسند بکات وستایشی بکات بە بۆنە وبی بۆنە. ئەی ئەگەر گەندەڵەکەی ستایش کرد و هێرشی کردە سەر سەرکردەیەک، کە ناڵێم بی وێنەیە لە جیهان، بەڵام لە ڕووی ئەستۆ و دەستپاکییەوە، بەبەراورد لەگەڵ سەرکردەکانی کوردستان لە لوتکەی پاکیدایە، کەچی تۆ هێرش بکەیتە سەر ئەویش!

فەرهاد پیربال لە ڕێگای هاندانی دەزگای پاراستن، جوێن نەماوە بۆ نەوشێروانی ڕەوان نەکردبێت، لە هەمان کاتدا ستایش و عیبادەتی فەردی نەماوە بۆ مەسعود بارزانی نەکردبی!

فەرهاد بەو شێوەیە وەسفی بارزانی دەکات: "تەنیا یەک پیاو سەرکەوتو دەتوانی زیاتریش سەرکەوێت، تەنیا یەک "سەرکردە "ئەوەندە حەکیم بو بتوانی لەم جەنگە ناوخۆو دەرەکی و گەردونییەدا کۆنتڕۆڵی خۆی و خاک و خەڵک و خاپەڕۆکەکان و بەکرێگیراوانیش بکات؛ کۆنتڕۆڵی

ئەژدادی مەلیکی سعودیەو ئەردۆگان و ئاغای خاتەمیشت بۆ بکات، کە ئەویش: مەسعود بارزانییە!"[3]

ئەخر ئەوە قسەی ماستاوچیەک زیاتر نییە، کام سەرکەوتنە و کام کۆنترۆڵ کردنی مەلیکی سعودی و سەرۆکی تورکی و سەرۆکی ئێرانی دەکات؟! ئەردۆگان لەسەر ڕیفراندۆمەکە ملیۆنی قسەی سووکی بە خودی بارزانی وکورد دا، نە بارزانی ونە میدیای خۆی بە وشەیەکیش نەوێران وەڵای ئەو فاشیستە بدەنەوە! کوردستانی باشوور لەبەر حیساباتی زلهێزەکان نەبوایە، بەتایبەتی ئەو زلهێزەی مەسعود بارزانی لێی بەگژدا چوو لە ڕیفراندۆمەکە، دەمێک بوو شتێک نەمابوو بەناوی کوردستانی باشوور.

لە ڤیدیۆیەکیدا کە ناوی مەسعود بارزانی دەهێنێت، هەڵدەستێتە سەرپێ و سێجار دەڵێ بە قوربانی بم، من بەرخی ئەوم وەک حەزرەتی ئیسماعیلم بابی گەورەم چم لێدەکات با لێم بکات![4]

فەرهاد لێرەدا بە زمانی دینی قورئانی قسە دەکات ودەلیت من وەک حەزرەتی ئیسماعیلم و مەسعود بارزانی وەک ئیبراهیم پێغەمبەرە ودەتوانێ سەریشم ببڕێ گەر بیەوێ! ئینجا لە مێژوودا دایمە ئەوانەی زیاتر خۆیان سوک دەکەن بۆ دەسەڵاتداران، لەناخەوە زیاتر ئیحتیقار دەکرێن. فەرهاد یەکەم جاری نەبوو وا ئەو بنەماڵەیەی بارزانی پیرۆز

[3] http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=٣٨٢٤٠&Jor=١

[4] https://www.youtube.com/watch?v=ZqSwnuP٢xYY

بکات و بە هێمای قورئانیان بەراورد بکات، بۆ نموونە دەربارەی مەلا مستەفای بارزانی باوک، لە چاوپێکەتنێکی ڕووداو دەڵێت:

" من ئێستا کتێبێکم لەبەردەستە لەبارەی مەلا مستەفا، لەوێ تیۆرێک باس دەکەم کە **مەلا مستەفا حەزرەتی موسای کوردە**، تیۆرەکە بە پیرۆزکردنی مەلا مستەفایە، هیوادارم مەلاکانی کوردستان هەر لە ئێستاوە هەڵنەچن و مشەوەش نەبن، چونکە لەو تیۆرەدا من ناڵێم مەلا مستەفا پێغەمبەر بووە."[5] جا لەو تەقدیسکردنە زیاتر هەیە؟!

فەرهادێکی لێکۆڵەر لە جیاتی توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی تێروتەسەل لەسەر بارزانی بکات، کەچی ئاستی ستایشکردنی بۆ بارزانی لە هەر نەخوێندەوارێکی عەشایەر تێناپەڕێ، وتا ئاستی پێغەمبەرایەتی دەیبا!

فەرهاد ئیتر بۆنە نەما ترس ولەرزی خۆی هێور نەکاتەوە لە پەنا ناوی مەسعود بارزانی، کاتی ڕەخنەی پارتی دەگری دەڵی:

"تەنیا یەک کورد بڕوای بەپارتی دیموکراتی کوردستان ماوە؛ ئەویش کاک مەسعودە." هەر لەو چاوپێکەوتنە دەڵێت: " تەنیا یەک پیاو سەرکەوتو دەتوانی زیاتریش سەرکەویت، تەنیا یەک "سەرکردە "ئەوەندە حەکیم بو بتوانی لەم جەنگە ناوخۆو دەرەکیو گەردونییەدا کۆنترۆڵی خۆیو خاکو خەڵکو خاپەرۆکەکانو بەکرێگیراوانیش بکات؛ کۆنترۆڵی ئەژدادی مەلیکی سعودیەو ئەردۆگانو ئاغای خاتەمیشت بۆ بکات، کە ئەویش: مەسعود بارزانییە!"[6]

---

[5] http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/٠٦٠٤٢٠١٥٢

[6] http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=٣٨٢٤٠&Jor=١

نازانم کام سەرکەوتن بەسەر ئێران وتورکیا؟! مناڵیش دەزانی ئێران وتورکیا وەک بی ئەرزشترین ئامراز دەسەڵاتی کوردی بەکار دەهێنن! فەرهاد توانی هەموو ئەوانەی ڕەخنەیان لە پارتی وسیاسەتە گەندەڵەکانی دەگرت، فەرهاد بکەنە ئامانجی تیری ڕەخنەکانیان، چونکە فەرهاد پیربال کوردایەتیەکەشی بە تام وچێژی پارتیاتی دەکرد.

من فەرهاد پیربال زۆر لەوە بە زیرەکتر دەزانم کە پیی وابێت سیاسەت و کوردایەتی پارتی و بارزانی سەرکەوتووترین جۆری بێت! بۆیە هەمیش دەڵێم ترس و بی سەروبەری خودی فەرهادە لە دوای ئەو بیروڕایانە دەدوێت. ئەخر پارتی بە تایبەتی، لەگەڵ یەکێتیش چیما لە خراپە ولە گەندەڵی و لە سوککردنی کورد نەیکەن بەدرێژایی زیاتر لە بیست ساڵ لە کوردستانێکی نیمچە سەربەخۆ؟! فەرهاد وەک ڕۆشنبیرێک کە لەناو چەندین پایتەختی مەزنی ئەوروپای دیموکراتی ژیاوە، دەبوایە هێڵنجی هاتبا کاتی ئەزموونی سوپەرگەندەڵی کوردی پارتی دەدیت، نەک بەو زمانە پڕ نیفاق و دوو ڕوویی و ترسنۆکانە بکەوێتە ستایشی!

فەرهاد بە هاندانی بازنە جاسووسی وموخابەراتیەکان، زۆر هەوڵی تۆخکردنەوەی شارچیەتیشی دەدا، ڕاستە لە پێشوازیدا سووکایەتی زۆری پێکرا لە سلێمانی، بەڵام مرۆڤی ڕۆشنبیر دەبی زۆر لەوە گەورەتر بی بکەوێتە چاڵی حزب و دەزگا زڕکوردەکان، وشەڕی شارچیەتی گەرم بکات.

لە رۆژی ٢١ی تەموز ٢٠١٦ لە ئێوارە کۆڕێکدا بۆ فەرهاد پیربال لەشاری هەولێر سازکرابوو، فەرهاد پیربال بەبی جیاکاری هێرشی کردە سەر سلێمانی

و جنێوی زۆر ناشرینی بە خەڵکی سلێمانی دا و دەڵێت " من وەک فەرهاد پیربال دژە سلێمانیم و خەڵکی شاری سلێمانی بەلای منەوە بێ ئەخلاق و حیز و هیچ و پوچن.[٧]"

هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە فەرهاد لەناو دەریایەک لە گەندەڵی دەسەڵاتی کوردی هەولێردا دەژی، لەجیاتی ڕەخنە لەوان بگرێ دەچێت لاپەرەی گەندەڵی سەردەمانی شێخ محمودی حەفید هەڵدەداتەوە، کە نیو سەدە زیاتری بەسەردا تێپەڕیوە، کەچی گەندەڵی تازە وفرێشی دەسەڵاتی کوردی بەتایبەتی پارتی بە ملیارەها بەبەرچاویدا تێدەپەرێ باسیان ناکات! من ناڵێم کارێکی خەراپی کردوە بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵیەکانی سەردەمی شێخ محمود، زۆریش پێویستە، بەڵام گەندەڵی ئەو سەردەمە وەک دڵۆپێکە لە دەریای گەندەڵی حکومەت ودەسەڵات وحزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆ، بۆیە دەبوایە قەت دانی خێری بە گەندەڵێکەوە نەنابا کە گەندەڵییەکانی شێخ محمود یاری مناڵانە لە چاو گەندەڵییەکانی ئەو!

کەوابوو کاتێ فەرهاد بەو کوردایەتییە تام وچێژ پارتیەوە دەنووسێ ودەدوێ و ڕەفتار دەکات، خەڵک ناهەقی نییە وەک پیاوێکی پارتی مامەڵەی بکەن وەک کردیان لە سلێمانی! هەرچەندە لەوێ خۆپیشاندەران زیاد لە حەد سنووریان تێپەڕاند و سووکایەتی زۆریان بە پیربال کرد، بەڵام پیربال ئەو چەکەی دابووە دەستیان بە لێدوانە فول پارتییەکانی!

---

٧ http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=٢٢٠٨٨&T
میللەت دەنگی تۆمارکراوی فەرهاد پیربال بڵاودەکاتەوە، بزانن چی بە خەڵکی سلێمانی دەڵێت ٢٧/٠٧/٢٠١٦

شێخ محمودی سەلەفی!

فەرهاد هەر لە هەمان وتاری لەسەر گەندەڵییەکانی دەوڵەت شێخ محمود **"فەقیرانە"ی ناو حکوومەتەکەی مەلیک مەحموود"**

**شێخ مەحموودی حەفید بەوە تاوانبار دەکات کە پەیڕەوی پان-ئیسلامیزم و " بە سەرەتای "سەلەفیەت" و ئیسلامیزم و عوسمانیزم دەزاندرێت" دەڵێت: "تەنانەت رۆشنبیرێکی گەورەی وەک رەفیق حیلمی لە بەشی هەشتەمی بیرەوەرییەکانیدا ناوی دەنێ "بە سەهوو چوو."!...رەفیق حیلمی هەر لە کتێبی یاداشتەکانیدا لە بەرگی هەشتەم دەڵێ "بەرژەوەندیی تورکیا"**

**ئەو قسەیەش تا ڕادەیەک ڕاستە، بەڵام ئەوە زیادەڕەوییەکی گەورەیە بڵێی شێخ محمودی دامەزرێنەری سەلەفیەتی کوردی بووە! خەڵکی کورد لەو سەردەمە دڵیان بۆ ئەردۆگان لێدەدا، کە دینداریکی باگراوند سێکیولارە و وڵاتەکەی پڕیەتی لە مەلها وشوێنی لەشفرۆشی ویانەی هاوڕەگەزبازان، خەڵکی ئەو کاتە سۆزی ئیسلامیان زۆر باڵاتر بوو، هەرچاکە شێخ محمود توانیەتی دۆستایەتی لەگەڵ ئینگلیز بکات و نامەی داوای پشتیوانی بۆ لینین بنێری، چۆن ئەو بە سەلەفی وەسف دەکرێ!**

**ڕاستیەکەی فەرهاد چونکە لە ڕوانگەیەکی نیمچە ئاگا ڕەخنە دەگرێت، نازانێ ئەو دەسەڵاتە کوردیەی خۆی سەد هێندە شێخ محمود سەلەفیترە ویارمەتی تەشەنەبوونی سەلەفیەت دەدا. هەتا ئەو ڕۆژە مەلا**

لەتیفی سەلەفیەت لە ڕووداو دەیگووت پارتی و یەکێتی هەرگیز عەلمانی نین زۆر خزمەتی دین دەکەن![8]

## پیربال و ئافرەت!

[8] "فەقیرانە"ی ناو حکوومەتەکەی مەلیك مەحموود
http://wishe.net/drejaWtar.aspx?NusarID=١٦٥&Jmare=٩٧١

من ئەو ناهاوسەنگییەی فەرهاد لە زۆر لە هەڵوێستەکانی دەبینم بۆ نموونە هەڵوێستی لە ئافرەت!

دەزانم ئافرەتی خۆش دەوێ وپێی شتێکی جوان و خۆشە، بەڵام خۆشەویستی ئافرەت مەرج نییە لە ڕێزلێگرتنی! سەرنجم داوە هەتا خەڵکی کەمفام وشێتیش ئافرەتی پێ جوان وخۆشە!. مرۆڤێک خۆی بە ڕۆشنبیر بزانی نابێ لەناو میللەتێکی دواکەوتوو کە بە سووکی دەڕواننە ئافرەت وتواناکانی ئافرەت، بچی بگەڕێی هەر قسەیەکی خراپی بیرمەندێک یان فەیلەسوفێک هەبێت دژی ئافرەت تۆ بۆ خەڵکی باسکەیت تا زیاتر هاریان کەیت. لە چاوپێکەتنێکیدا لەگەڵ کوردسات دەڵێت بازگمان بە خۆمان نەسووتی کە کتێبخانەی کوردی باوکسالارە وهەموو بەرهەمی پیاوە، ئەوە حاڵی هەموو دنیایە، هەتا شۆپینهاوەر دەڵی بلیمەتی خاسیەتێکی تایبەت بە پیاوە، بەڵام جاروبار بلیمەتێک لەناو ژنان هەڵدەکەوێ! لە فەرەنساش کتێبخانەیان پیاوسالاربووە...لە هەموو دنیا فەیلەسوفەکان و پێغەمبەرەکان هەمیشە پیاو بوونە، خۆمان بە بچوک لە قەڵەم نەدەین ئەوە دۆخی هەموو بەشەریەتە. بۆیە هەمیشە ڕقم لەو قسانەی ڕەوتە فێمنستەکان دەبێتەوە کە باسی پیاوسالاری کورد ئەو شتانە دەکەن.[9]

[بێگومان منیش ڕەخنەی زۆرم هەیە لەو فێمنستە ڕادیکاڵانەی کورد، ودەیان وتارم لەسەریان نووسیوە لەو بوارە، بەڵام قەت کاردانەوەم لەدژی ئەو فێمنستانە، ئەوە نەبوە لە نرخی ئادەمیەت وعەقڵی ئافرەت دابەزێنم. با فێمنستەکان لەوەش زیاتر بڵێن دژی کورد و پیاوی کورد!]

---

[9] /https://www.facebook.com/bakhtear.gardi/videos/٢٠٧٥٢٠٦٦٥٢٥٦٣٦٢٦

بەڵام خۆ ئەستێرە پیاوی کورد نەمایە جوێنی پێ نەدا و وەک تورکە حاقیدەکان لە کورد کە بە کورد دەڵێن شەرواڵ خوار، ئەو ئافرەتە دەم پەلە بە کورد دەڵێ شەروال لەپێ، ئەی بۆ فەرهاد پیربال رقی لە ئەستێرە نابێتەوە؟!

ئەو قسانە گەر ڕاستیش بن دەبێت سوودیان چی بێت؟!

جیاوازی ئەو قسانەی دکتۆر فەرهاد پیربال چییە لەگەڵ وتارەکانی دکتۆر عبدالواحیدی ئیسلامی کە هەمیشە سووکایەتی بە ئافرەتی کورد دەکات؟

بە ژن دەڵێت تۆ بۆ دەرەوە دروست نەکراوی؟ لە بنەڕەتدا ئافرەت بۆ ئەوە نەکراوە پێ بنێتە دەرەوە، و دەڵێت تۆ بۆ دەرەوە نەکراویت، یانی دەبێت هەموو ژیانی لەناو قەبری ماڵە باوک و ماڵە مێرد بەسەر بات!

لە دەرسەکانی دەیان نموونەی باڵادەستی پیاو و بێ دەسەڵاتی ژنان دەهێنێتەوە، بەدیار دەیان وسەدان موحەجەبەی فریودراوی نا ڕۆشنبیر فەقیر کە نازانن چۆن وەڵامیشی دەنەوە!

لە ڤیدیۆیەکی باسی خەڵاتی نۆبل دەکات کە چۆن لە کیمیا و فیزیا و ماتماتیک سەدان پیاو وەریان گرتوە، هەرجارەی ژنێک و دووان وەریان گرتوە لە هەر بەشێک! وەک کتێب نووسینەکەی پیربال، کە دەڵێ لە سەدەیەکدا یەک ژن کتێبێکی نووسیوە، بێ ئەوەی ئەکادیمیانە لە هۆکارەکەی بکۆڵێتەوە، کە کۆمەڵگا پیاوسالارەکان چۆن نەیاندەهێشت ئافرەت سەر بەرزکاتەوە ولەبەر نالەباری بارودۆخیان نەیانتوانیوە هیچ کارێک بکات، دێ وەک عبدالواحیدی ئیسلامی بۆ

لاوازکردنی متمانەی ئافرەتە بە خۆی، دەڵێت فلان فەیلەسوفە دەڵێت بلیمەتی سیفەتێکی پیاوانەیە!

سەرەڕای ئەو هەموو ڕەخنانەی هەشمە لە فەرهاد پیربال، بە بەردەوام ستایشی کارە ئەدەبی وهونەریەکانیم کردوە، هەرچەندی خۆشی تێوەگلاندۆتە ناو زۆنگاوی باڵە حزبیێنە، بەڵام کە دەستدرێژی کراوەتە سەر بەوپەڕی هێزەوە بەرگریمان لێکردوە. کە من دژی ئەوەم پیاوی کامل کچی منداڵ و زۆر بچووک بهێنی، بەڵام کە فەرهاد کچێکی منداڵی هێنا لەبەر ئەو هەموو جوێن ورەخنەیەی لێیگیرا، پیرۆزباییمان لێکرد! کە لە سلێمانی سووکایەتی پێکرا، بەرگریمان لێکرد، بەڵام کێشەی فەرهاد ئەوەیە زۆربەی جار بەرگری لێکەرانیشی ئیحراج دەکات!

# بەشی دووەم

# فەرهاد پیربال: دەسەڵات و کۆمەڵ

## فەرهاد پیربال : بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی

بەهلول کەسایەتیەکی مێژوویی بەناوبانگە ناوی وەهەب کوڕی عەمرۆیە، لە سەردەمی هاڕون ڕەشید ژیاوە ١٤٨ هیجری بەرامبەر ٧٦٥ میلادی. هەموو دەسەڵاتێکی ئیستیبدادی و تاکڕەو لە مێژوودا، بەهلولی خۆی هەبوە ودەبیی، کە کاری بە پێکەنین هێنانی پیاوانی دەسەڵات ومکیاژ کردنی ڕوخساری دزێویانە، بۆ شیرین کردنی لەبەر چاوی خەڵک ولە بیربردنەوەی کارەساتەکانیەتی کە بەسەر ژیان وقەدەری میللەت ونەتەوەی دەهێنیت.

هاڕونە ڕەشید سەرەڕای مشتومڕ دەربارەی شێوازی کەسایەتی، لەنێوان خەلیفەیەکی ستەمکار ودادپەروەردا، بەڵام لە ستەمکاری باوەڕ ناکەم شان لەشانی دەسەڵاتی کوردی وخۆماڵی بدات، ئەو ئیمپڕاتۆریەتەی هاڕونەڕەشید دایمەزراند هێندە گەشەکردوو وزانست پەروەر وبەهێز بوو،ئەو کاتە هەموو جیهان لە ژێر کاریگەری ئەودا بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن کاری بەهلول لەو دەوڵەتە، هەر بە پێکەنین هێنانی هارووونە ڕەشید نەبوو، بەڵکو سوک کردنی هەژموونی ئیستبداد بوو لەسەر شانی خەڵک، بەڵکو دەڵێن بەهلول لە ترسی دەسەڵات خۆی بە شێت نیشان دەدا، چونکە فەقیهێکی گەورە بوە، وپرسیاری فەتوای

کوشتنی ئیمام موسای کازمی شیعەکانی لێکردوە، لەترسی بەرپرسیارەتی ئەوە خۆی شێت کردوە.

دەگوترێ بەهلول هەردەم لەبەرەی خەڵک بوە، و ڕەخنەی ڕەمزی توندی لە دەسەڵات گرتوە. بۆ نمونە جارێکیان لە ترسی چاودێری سەرۆکی پۆلیسەکانی خەلیفە، خۆی دەکات بە دوکانێک بۆ ماسی کڕین، ماسیەک هەڵدەگرێت وتەماشای کلکی ماسیەکە دەکات، سەرۆکی پۆلیسەکانی خەلیفە لەوێ پێی دەڵێت؛ بەهلول خەڵک ماسی بکڕێت لە سەریەوە دەڕوانێت نەک کلکی! ئەویش دەڵێت؛ سەری دەمێکە گەنیوە، گوتم بزانم گەندەڵیەکە گەیشتۆتە کلکی!!!

بەهلولی کوردی لە سەرەتادا بە زمانێکی داشۆڕەوە هاتەوە لە فەرەنسا، دەستی کردە ڕەخنەی توند وتیژ لە دەسەڵاتداران، زۆر کەس پێیوا بوو دەبێتە میرابۆی شۆڕشی خەڵک بەسەر دەسەڵاتی سوپەر گەندەڵ. ڕەخنەکانی سەرەڕای وشە بێ پەردە وڕیزپەڕەکانی، گوزارشی لە ڕۆحی شۆڕشی فەڕەنسی وفەیلەسوفەکانی ئازادی فەرەنسا دەکرد، بەڵام لە بەرامبەر باجەکانی ئازادیخواز بوون، ئەو باجەی کە هەموو ئازادیخوازێک دەیدات بەرامبەر هەڵوێستەکانی، بەهاری ئازادی فەرهاد پیربال زۆر کورت بوو وەک بەهارە بەستەڵەکەکانی ئەوروپا وئەسکەندەنافیا.

کەس داوای لە پیربال نەکردوە ئاڵای شۆڕشی خوێناوی هەڵگرێت، بەڵام کەسیش چاوەڕوانی ئەوەی لێنەدەکرد، لە ئەوپەڕی ڕەخنەگریەوە، بچێتە ئەوپەڕی ستایشکەری ئەو دەسەڵاتە، کە ڕۆحی نەتەوەیی کوردی وێران وداڕزاندوە، بە ڕەفتارە گەندەڵەکانی دوور لە هەموو دڵسۆزیەک بۆ نەتەوە و نیشتیمان ومێژووی خوێناوی دوور ودرێژی

ئەو مللەتەی، کە لەوەتی هەیە هەلێکی وا زێڕینی دەست نەکەوتوە، بۆ بنیاتنانی خۆیی وپتەوکردنی خەونی هەموو کوردێک لە بەشە جیا جیاکانی کوردستان.

فەرهاد پیربال بەڕادەیەک چارەنووسی خۆی بەستۆتەوە بەو دەسەڵاتە، لە کاتێکدا دەم بۆ هەموو تابۆ وموقەدەسێک وداب ونەریتێک دەبات، کەچی هەتا لە کاتی مەستی وسەرخۆشبونیشیدا ستایش ودروود وسەلام دەنێرێت بۆ دەسەڵاتدارانی هەولێر بە تایبەتی!!!

دیارە دەسەڵاتی کوردیش حەزی لەو ڕۆڵەیە کە پیربال دەیگێڕێت، هەموو دەرگا قفڵدراوەکانی بۆ دەکاتەوە، بە بەردەوامی داوەتی دەکات بۆ کۆڕ وسیمنار وبەرنامەی تەلەفزیۆنی، لەهەمووی خۆشتر پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ دەکاتەوە، وتابلۆکانی بە هەزاران دۆلار دەکڕێتەوە لە ڕێگای پیاو وژنە تێرەکانی ناو نازونیعمەتی گەندەڵی خۆی!!

پێم خۆشە هونەری بەرز بەرز بنرخێنرێت، بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی لە رەفتاری گەلەوە هەڵقوڵێت، نەک بەشێوەیەکی ساختە ونمایشکارانە، دەبا دەسەڵات لە فەرهاد پیربال ڕازی نەبێت بزانین کێ هەزار دۆلاریش بە تابلۆکانی دەدات، نەک پەنجا وشەست هەزار دۆلار؟

بەهلولی عەرەبی وبەهلولی کوردی هەردووکیان خۆیان شێت کردوە، بەڵام بەهلولی عەرەبی لە دژی ستەم ودەسەڵات وایکردوە، ولە پەنا شێت بووندا دەیان کاری چاکی کردوە لە بەرگری کردن لە خەڵک، لە کاتێکدا بەهلولی کوردی لە ئاست هەموو کارەسات وگەندەڵیەکانی دەسەڵات بێ دەنگە، بەبێ دەنگیش ناوەستێت ستایشیشی دەکات!! ئەو دەسەڵاتە بوو کە فەرهاد پیربال ڕەخنەی توندی

لێدەگرت هێشتا نیوەی گەندەڵیەکانی دەرنەکەوتبوون، دەبێت ئەو دەسەڵاتە کەرە گوێی لە کام ڕەخنەی پیربال گرتبێت وخۆی چاککردبێتەوە تا فەرهاد وا لێی ڕازیبێت ولە مەستترین حاڵەتیدا درووش وستایشی بۆ بنێرێت؟!

**لەندەن**

**٢٠١٣/٣/٩**

# قۆناغی دوای بەهلول

## دوو جویێدەر هاوسەرگیری بکەن، قاموسی ئۆکسفۆردی جویێیان دەبێ!

وەک چەندین جار وتوومە من هیوام دەخوازت کە فەرهاد پیربال تەنها کاری لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەدەبی ومێژوویی و نووسینی کردبا، بەڵام وەک چۆن بۆ نموونە من بە کەڵکی حزبایەتی نایەم، نەک هەر حزبی ڕۆژهەڵاتی پوچ، بەڵکو لە ئەزموونی حزبی لەیبەریشدا لە بەریتانیا، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی بە کەڵکی حزبی خۆرئاوایی دیموکراتیترین وڵاتی ئەوروپاش نایەم. ئەو ڕوحیەتە ڕەخنەییەی لەناخمدایە هەمیشە دووچاری کێشەم دەکات، چونکە بۆ هیچ بێ دەنگ نابێ! گوێ ناداتە دڵ ئێشانی فلان وعەلان، گوێ ناداتە سزادان و لەسەرکار دەرکردن ونانبڕان. بەخوا زۆرجار دەڵێم نازانم من ئەو بەڕێوە دەبەم یان ئەو من! هەندێ جار حەز بەسەرئێشەیی بابەتێک ناکەم، دووسێ ڕۆژ خۆمی لێ دەدزمەوە، بەڵام ڕوحیەتەکەی ناو قەفەسی سینگم خەریکە گێژم دەکات بە گوتنەوە و بیرهێنانەوەی بابەتەکە، هەتا دەرینەبڕم هەست بە ئارامی ناکەم!

وەک چۆن من بە کەڵکی حزبایەتی نایەم، ئەو فەرهاد پیربالەش بە کەڵک قسەکردنی ڕاستەوخۆ و کۆبوونەوەی جەماوەری و هەتا بە کەڵک گۆرانی وتنیش نایەت. چونکە ئەو پیاوە وەک هەندێ مەلای سەر مینبەر کە خەڵک دەبینێ لە دەوروبەری خۆی حەماسەت دەیگرێ وهەزاران قسەی هەلەق ومەلەق و جوێن لە دەمی دەردەچێت، جوێنگەلێک یاخوا کەس گوێی لێ نەبێت!

ئەو پیاوە ماوەیەک هاتە سەرجادە و خۆی ڕووتکردەوە و تا کار گەیشتە دەستدرێژی بۆسەر هەندێ خەلک، سوکایەتیکردنی بە پیاوێکی پیری عەرەبی عەگال بەسەر تاوانێک بوو تا ڕادەی فاشیسزمیەت. ئینجا گیرا بۆ ماوەیەک، کە بەربوو لەوەدەچوو ئازاری زۆری درابێت بڕیاری دا بی دەنگ بێت، بەڕای من چاکتریش بوو بی دەنگ بێت، چونکە کە دەوی دەکاتەوە خەلکانێک دەشواتەوە بە جوێن، کەچی بۆ بارزانی وکوڕەکەی تا سەرئێسقان ڕیز و بچووکی دەنوێنێت وەک لە بۆنەیەکدا گووتی سەگی ماڵە بارزانم!
ئەخر ئەوە قسەی مرۆڤێک نییە یەک زەرە ڕیز وکەرامەتی خۆی لا گرنگ بی، بەخوا من ئامادە نیم بلێم دەبمە سەگی بەر قاپی خوداش، ئەو خودایەی کە تا سەرئێسقان خۆشم دەوی وباوەڕیشم پێیەتی، بەلام سوکایەتی بۆ ئەویش ناکەم..

ئێستا فەرهەد پیربال وادیارە وەک عەرەب دەڵێن عادت حلیمه لعادتها القدیمة، گەڕاوەتەوە قۆناغی بەر لە زیندان، دەچێتە زانکۆی سەلاحەدین کۆڕی هەڕەمەکی دەکات. وقوتابیان لە خۆی کۆدەکاتەوە، ئینجا هەمان هەڵچوون وهەمان جوێن و هەمان ئاڕاستەی جوێنەکانی پێشوو. لەوەدەچی لە یاریەکی باڵباڵێنی حزبی سیاسی بۆگەن تێوەیان گلاندبی، چونکە جوێنەکانی هەمیشە ئاڕاستەی نێچیرقان و پیاوەکانیەتی! کە دێتە سەر مەسعود بارزانی وشک دەبی! ئی کاکە کە تۆ ناتوانی بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە کۆی سیستمە گەندەڵەکە بگریت دەبەسە بی دەنگ بە، بۆچی واخۆت دادەبەزێنیتە ئاستی لایقکەرە کوردە جوێندەرەکانی ئەمسالی ئەو شتە جوانانەی ڕۆژانە بەرچاومان دەکەوی و بێزمان لێیان دەبێتەوە؟!

سەیرەکە لەوەدایە فەرهاد بەڕاستی بۆتە سەرسام و شەیدای ئافرەتێکی دەمپیسی جوێندەری بی مستەوای وەک ئاستێرە کەریم، بە ئاشکرا

مێسەجی خۆشەویستی و سەرسامی و داخوازی زەواجی بۆ دەنیری!

توخوا شوورەیی نییە بۆ لێکۆڵەرێکی وەک فەرهاد پیربال سەرسامی جوێن و چەقەچەقەکانی ئەستێرە بێت وێنەیەکی نیمچە ڕووتی ئەستێرە بکاتە پڕۆفایلی خۆی!؟ ئەخر ئەستێرە علمی زانستی خوێندەواری رەوشتی ئەتەکێتی چی هەیە مرۆڤ پێی سەرسام بی، جگە لە جەستەکەی؟!

ئەگەر ئەو پەیوەندییە سەر بگرێت و فەرهاد هاوسەرگیرییەکیتری خستە سەر هاوسەرگیرییەکانی، ڕەنگە لە نێوان ئەو دوو جوێندەرە، مناڵێکیان بی لە دووبەرگی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد ئاسای جوێندان!

٢٠١٩/٢/٢٨

## هەولێر لە نێوان داپلۆسین ولاقرتی دا

خۆپیشاندانانە بەردەوامەکەی سلێمانی وشوێنەکانی تر گومانی تێدا نییە کە کارێکی پێویست بوو بۆ لێدانی زەنگی مەترسی بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی لەپاش ڕاپەڕینەوە باجی خەباتی کۆنیان بەو خەڵکە خێرلەخۆ نەدیتوەی کوردستان دەدەن. ڕاستە لەوانەی کەسانێک ولایەنانێکی خاوەن مەرامی تایبەتی وحزبی تەسک بەژداریان تێدا هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستیە هیچ لە ڕەوایەتی ئەو خۆپیشاندنەی بەر دەرگای سەرا کەم ناکاتەوە. ئەگەر ئەو لایەنانەش نەبان ئەو نارەزایەتانە هەر ڕوویاندەدا لەبەر ئەو هەموو ستەم وگەندەڵییەی کە کوردستانی تەنیوەتەوە وەک دەڵێن ئەگەر کەڵەشێریش بانگ نەدات رۆژ هەر هەڵدێت.

بەداخەوە باری سیاسی وسروشتی عەقلیەتی حزبی باڵادەستی هەولێر (پارتی) جەوێکی تۆقێنەری وای هێناوەتە ئاراوە لەو شارە تارادەیەک هەموو هەوڵێکی خۆپیشاندان ونارەزایی دەربڕینی ئاشتی لەگۆڕنا ئەو هەموو ئیجرائاتە ئەمنیانەی کەوەرگیراوە لە هەولێر دواهەمینیان قەدەغەکردنی خەڵکی سلێمانی وناوچەکانی تر لە هاتن بۆ هەولێر وبە پێچەوانەوە، ئەو شارەی خستۆتە ژێر حوکمی حاڵەتی تەواری!! پارتی بەو کارەی بەر لەهەموو شتێک زیان بە شوهرەت وسومعەی خۆی دەگەیەنێت ودەیسەلمێنێت کەتا چەند تۆقیوە لە خۆپیشاندانی مەدەنی وئاشتیانە وچەندە باوەڕی لاوازە بە بنەماکانی دیموکراتی.

لەلایەکی ترەوە کەسانێکی بی ئاوەز وسنگ تەنگ وعەقل سەقەت وناوچەپەرست لە سلێمانی لەوەتی رۆژی خۆپیشاندانەوە وبەبآ ئەوەی جارآ ئەو خۆپیشاندانە هیچ دەسکەوتێکی ئەو تۆی لێبکەوێتەوە لافی

شۆرشگێڕی بەسەر خەڵکی هەولێر بەتایبەتی وباقی کوردستان بەگشتی لێدەدەن گوایە خەڵکی هەولێر ترسنۆکن!!

دەزانم خەڵکێکی زۆری سلێمانی زۆر لەوە بەرێزترن کە ئەو قسە ناشیرینانە بە خەڵکی هەولێر بڵێن، بەڵام بەداخەوە ئەوانەشی ئەو قسە ناحەزانە دەکەن ژمارەیان کەم نین چونکە ئەو فەرهەنگە، واتە فەرهەنگی بە سوک سەیرکردنی خەڵکی لە دەرەوەی سلێمانی مێژوویەکی درێژ وڕەگ داکوتاوی هەیە لەو شارە، بەڕای ئێمە خەڵکی ئەو شارە بەرلەوەی شۆڕش وڕاپەڕین بەرپا بکەن پێویستە لەسەرەتادا فێری ڕەوشتی شۆڕشگێڕی بن لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ شارەکانیتردا، چونکە ئەگەر کارەکە بەس بۆ سلێمانییە ئەوە لە چاکترین حاڵەتدا ئیمارەتەکەی یەکێتی بە میراتدەگرن کە ئەسڵەن لە ئارادایە، وبا هیچیتر لاقرتآ نەکەن بە شارەکانی تر وبا هەر شارەی خەریکی چارەسەرکردنی خودی شارەکەی خۆییێت. هەولێر سەرەڕای ئەو داپلۆسینەی کە تێیدایە چەندین راستی تریشی تێدایە وشارێکە بە تەواوی جیاوازە لە سلێمانی، کە دەڵێین جیاوازە مەبەستم نییە هەولێر چاکترە یان خراپترە لە سلێمانی بەڵام جیاوازە بە میزاجی خەڵکەکەی وبە فرە پێکهاتەی دانیشتوانی (کورد (سۆرانی وبادینی) وتورکمان ومەسیحیەکان) وبە پلورازیمە سیاسیەکەی، هەولێر هەموو حزبێکی تێدایە وئەگەر هەلبژاردنێکی ئازادانە بکرێت دەردەکەوێت کە زۆربەی هێزەکان لەیەک نزیکن، هەولێر وەک سلێمانی نییە یان زۆربەی یەکێتی بێت ودوایی زۆربەی ببێتە گۆڕان، سلێمانی لەو ڕووەوە کەمتر لە هەولێر شارێکی فرە ڕەنگ ودەنگە زیاتر لە مەرکەزی نفوزی هێزێک دەچێت.

بەڕای ئێمە هەردەم دەڤەری یەکێتی ئازادیەکی زیاتری تێدا بوە، جا ئەو ئازادیە یەکێتی بە وەعیەوە بەرقەراری کردبێت یان بەناوەعیەوە بێت، ئینجا لەپاش هاتنی گۆڕان وبردنەوەی شارەکە ئەگەر یەکێتی تۆزێک کەرامەت وئیحساسی بوایە دەبوایە خۆی شارەکە بەجی بهێڵێت چونکە وەک مێوانێکی ڕەزاقورس لەو شارەدا دەردەکەوێت، ئەو حالەتەشە خەڵکی سلێمانی هاندا بۆ دەرچوونە سەرشەقامەکان چونکە لە ئەساسدا حساب بۆ یەکێتی ناکەن، هەر ئەوەش بوو کە لەجیاتی هێرش کردنە سەر بارەگاکانی یەکێتی هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی پارتی هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەو جۆرە هێرشکردنە نین وزیاتر لەگەڵ خۆپیشاندانی ئاشتیانەین، بەڵام زیاتریش دژی وەڵامدانەوەی بەو جۆرەین کە دەسەڵات دایەوە بە خۆپیشاندانەکان.

ئێمە دەستخۆشی لە خۆپیشاندەران دەکەین، لەسەروی هەموویانەوەش برای بەرێز وبیرمەندی گەورەی کورد فاروق رەفیق، وهیوادارین بەو بیر وفەرهەنگە قوڵ ومەوسوعیەی کەمێک لەو گۆڕەپانە باسی ئەو دیاردە دزێوە دێرینەی ئەو شارە بکات، لە سوکــ سەیرکردنی خەڵکانی دەرەوەی ئەو شارە، پێیان بڵێت ئەو دیاردەیە گوزارش لە خەڵکی رۆشنبیر ناکات، هێندەی گوزارش دەکات لە خەڵی پریمیتیڤ وبیدائی.

خەڵکێک کە جیهانبینی لە سنوری قەبیلە وشارەکەیدا تێپەڕ ناکات، یا بە خەڵکی شارەکە لەوانەی هێشتا ناتوانن لەقاوغی شارچیەتی دەرچن، ئاگادارکاتەوە کە چەندە تێکدەرە ئەو گیانی شارپەرستیە وئینجا لاقرتی وگاڵتەپێکردنیشی تی بکەوێت ئەوە خراپتر وتێکدەرە.

ئەو فەرهەنگ ودیاردەیەی شارچیەتی وبەهیچ نەزانینی شارەکانی تر، بەداخەوە زیاتر لە سلێمانی هەستی پێدەکرێت، هەموو کوردێک دەزانێت

بەدەگمەنیش ئەو دیاردەیە هەستی پێناکرێت لە هەولێر ودهۆک وکەرکوک وشارەکانی تری کوردستان، بەداخەوە ئەو شارانە هەمووی هەریەکەی بەشێوەیەکی دزێو وێنادەکرێت لە شەقامەکانی سلێمانی وزۆر بەداخەوەش رۆشنبیر وبیرمەندانی ئەو شارەش یان بەژدارن لەو دیاردەیە قێزەونە وەک بیستمان شاعیرێکی گەورەی کوردی وەک شێرکۆ بێکەسیش وابیردەکاتەوە یانیش بێدەنگن وپێیان وایە ئەو دیاردەیە مادەیەکە بۆ کەمێک پێکەنین وروحسوکی خەڵکی سلێمانی کە شێخ ڕەزای تاڵەبانیش بەو زمانە تیژەیەوە باری نەبردون!!!

بۆ سلێمانی هەیە هەر وابێت پڕبەدەمی گاڵتە ولاقرتآ بەخەڵکی هەولێر وکەرکوک ودهۆک بکات بەڵام ئەوە ئاماژەیە کە ئەو شارە موستەهەقی ئەوە نییە ئەو لەقەبە پڕ لە پیاهەڵدان ورۆشنبیرییەی پی ببڕێت گوایە پایتەختی رۆشنبیرییە، بەڕاستی ئەو شارەی پایتەختی رۆشنبیری بێت پێویستە زۆر لەوە حەساستر بێت بەرامبەر جیاوازیەکان وخەڵکانی شارەکانی تر نەک جارآ خۆی نەبوە بە هیچ بەو سوکییە سەرنجی خەڵکانی تر بدات، ئەی ئەگەر بۆ نمونە توانیان (هەرچەندە دوورە) بەتەنها ئەو گۆڕانکاریە بکەن لە کوردستان دەبێت چۆن ڕەفتار لەگەڵ خەڵکانی تر بکەن.. سلێمانی لە سایەی زاڵبوونی ئەو عەقڵیەتە شارچیەتیە بەداخەوە هەموو شتێکی پێبکرێت ناتوانێت ببێتە سەرقافڵەی شۆڕش وڕاپەڕین ونارەزایەکان...

ئێمە دەزانین کە لایەن هەن سوئیستیفادە دەکەن لەو حاڵەتە، بەڵام بەرلەوەی باسی ئەوان بکەین پێویستە ئەوانەی لەبەردەرگای سەراکۆدەبنەوە هەست بەو بابەتە حەساس وهەستیارە بکەن، چونکە بەو روحیەتەوە لەوانەیە خەڵکی هەولێری هۆلاکۆ بەزێن حوکمی نەک

پارتی بەڵکو هۆلاکۆی پێ باشتر بێت لە حوکمی یەکێکی خۆبەزلزان وئەوان بەهیچ نەزان.

ئەفسانە زۆرن لەو رۆژهەڵاتە، مەسەلەی پایتەختی فەرهەنگ ورۆشنبیری سلێمانیش وادیارە ئەفسانەیەکە لەو ئەفسانانە، گومانم نییە لەپاش دیتنی فلمێکی یوتیوب کە لەناو زانکۆی سلێمانی تۆمارکراوە کە چۆن قوتابیانی کۆنی زانکۆ بە هۆیها وقیڕاندن وقاز قاز گوتن پێشوازی لە قوتابیانی کچی تازە وەرگیراو دەکەن کە ئەو شارە هێشتا زۆری ماوە تا ئەو نازناوە ببێتە کاڵای پڕ بە باڵای، لە وڵاتانی پێشکەوتوی وەک بەریتانیا منداڵەکەم کە پۆلی پێنجی سەرەتاییە دەیانبەن یارمەتی منداڵانی پۆلی پێشوازی ویەکی سەرەتایی دەدەن بۆ فێرکردنی خوێندنەوە ونوسین! کەچی قوتابیانی زانکۆی سلێمانی بە قوتابییە نوێکان گاڵتە ولاقرتآ دەکەن وپێیان دەڵێن قاز، دەبیت ئێمە دڵی چیمان خۆش بێت بەو جۆرە عەقڵیەتە سەقەت وبازاڕییە؟!!

دوا سەرنجم بۆ بەردەرگای سەرا ئەوەیە ئەگەر ئێوە فەرهاد پیرباڵ تان بەو شێوەیە ڕیسواکرد ونەتان هێشت وتەی خۆی پێشکەش بکات لەبەر لادانی بەلای دەسەڵات وگەندەڵی وشتی تر، ولەپای ئەوەشدا ئەگەر قسەکەی فەرهاد پیرباڵ ڕاست بێت سەدان جوێنیشتان بە شاری هەولێر دابێت، پێویستە یەکسان بن لە پێشوازی نەکردن لەکەسانێکی تر بەجۆرێک لە جۆرەکان بەژدار بوونە لەگەندەڵی ناو ئەو دەسەڵاتەی کە ئێوە خۆپیشاندانی لەدژدا دەکەن، نەک بەس لەبەر ئەوەی سلێمانین پێشوازیان لی بکەن، ئایا ئەو فەزیحەتەی دەزگای سەردەم بەس نەبوو بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ناوی شێرکۆ بێکەس

وبەختیار عەلی وکەسانی تریش؟! یان دیارە گەندەڵیش ڕەنگی ڕەش وسپی هەیە لە سلێمانی؟!!

لەکۆتاییدا دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بەم قسانەم مەبەستم هەموو خەڵکی سلێمانی نییە خوانەخواستە، چونکە من دەیان برا وبرای بەڕێزم هەیە لەو شارە، بەڵام نایشارمەوە کە ئەو دیاردەیە بەرتەسک نییە لەو شارە وپێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، ئەخر لە هەموو ژیانمدا نەمزانیوە خەڵکی شارێک سایتێکی پڕ لە گاڵتە ونوکتە دامەزرێنن بۆ گاڵتە کردن بە خەڵکی شارێکی تر وەک سایتێکی سلێمانی ئەو کارە دەکات ورۆژانە سەدان نوکتەی بێ شەرم وشارپەرستورەگەزپەرست لەسەر خەڵکی هەولێر وکەرکوک ودهۆک وخانەقین وهەورامان بڵاوبکاتەوە...

٢٠١١/٣/٢٠

## پارتی لە شێتکراوی خۆشی قبوڵ ناکات!

لە بیرمە جارێکیان لە بارەی فەرهاد پیربال نووسیم:

"لە هەولێر دەبێت خۆت شێت کەیت و دەسەڵات و خەڵک بە شێتت تێ بگات تا بتوانی ناڕەزایت دەربڕی .

من ناڵێم فەرهاد پیربال شێتە، بەڵام تەحەدای دەکەم بە بێ ئەو جوێن و خۆ ڕووتکردنەوە و ڕەفتارە نامۆیانە بتوانێت وا قسە بکات !

نابینی خەڵکەکەی دەوروبەری لۆ خۆشی و پێکەنین لە دیاردا ڕاوەستاون؟"
بەڵام دەرکەوت پارتی پێشڕەو سوعبەت نازانیت، شێتیشت دەکات و لێشت قبوڵ ناکات، حیسابی ساغێکیشت بۆ دەکات!

بەڕای من راستە فەرهاد پیربال کە وتی سەگی بەر دەرگای ماڵی بارزانیم زیانێکی بە وێنەی خۆی گەیاند، بەڵام زیانە گەورەکە بەر خودی ماڵی بارزانی کەوت، و لە ناواخنی ئەو قسەیە کۆمەڵێک نەگوتراو هەیە کە ئاماژە دەکەن بۆ شێوازی تۆقێنەرانەی دەست وپێوەندەکانی بارزانی.

من نامەوێ فەرهاد زیاتر ئەزیەت بدرێ، دەنا دەتوانم بسەلمێنم فەرهاد بەو دەربڕینە گەورەترین گورزی ئینتیحاری لە خۆی و جەلادە تۆقێنەرەکانی دا!

**محەمەد هەریری**
**٢٠١٨/٧/٢٢**

# ئەو چاو پێکەوتنەی فەرهاد پیربال زۆر شت دەڵێ

١ـ فەرهاد لە گەل بێ هیوا بووە، لە جیاتی پشتگیری بکەن کە بەرگری لە مافی ئەوان دەکات، کەچی پێی دەڵێن شێتە!

٢ـ کورد سروشتی گورگی هەیە، ئەوەی لە ناویان بریندار بێت لە جیاتی چاکیکەنەوە پەلاماری دەدەن!

٣ـ نوزاد هادی و پشتیوان سادق و ژنەکەی پێشووی تەرزە جاف، کە وەک فێمنستێک خۆی دەناسێنێت، ناتوانێت وەک ژنێکی موحتەرەم واز لەو پیاوە بهێنێت، بەردەوام پلانی دژ دەگێڕێ تا ڕادەی کوشتن، بەپێی قسەکانی فەرهاد!

٤ـ دەرکەوت کە لاپتۆپەکە نەوزاد هادی وپشتیوان سادق لە ترسی مسعود بارزانی دایانەوە!

٥ـ فەرهاد لەبەر بێ هیوایی بە ناچاری ستایشی ڕۆڵی سەرۆک دەکات، دەنا چاک دەزانێت سەرۆک دەتوانێت ئەو هەموو پلانەی لە دژدا ڕاگرێت. دەتوانێت نەوزاد وپشتیوان پەتک بکا، دەتوانێت خانوەکەی بگەڕێنێتەوە و کتێبخانەکەی ڕادەست بکاتەوە.

٦ـ ئەو شەڕە دەروونیەی لەگەڵ فەرهاد دەکەن گەیشتووتە ئاستی منداڵەکانیشی، کوڕەکەیان بۆ ماوەیەکی زۆر لێی جیاکردەوە، ئێستاش نامەردانە وێنەی کچەکەی بڵاودەکەنەوە بۆ ڕووشاندنی ناوی فەرهاد. ئەو هەموو شەڕە مادی و دەروونیەی دژی فەرهاد دەکرێت هەرباشە ئەو مرۆڤەی بەتەواوی شێت نەکردوە. میللەتی وا بێ خەم و بێ هەڵوێست موستەهەقی فەرهادەکان نییە.

من لە فەرهاد ناگرم پەنا بۆ سەرۆک دەبات، چونکە خنکاو دەست بۆ چڵە پووشیش دەبات.

٢٠١٧/٤/١٣

## سوپاسی دۆستە دوژمنەکانت بکە فەرهاد!

فەرهاد سوپاسی هەموو ئەوانە بکە کە لە یەک کاتدا دۆست و دوژمن، و خەسم وحەکەمن بۆ تۆ!

هەر سوپاسی ئەوان بکە باشترە، لەوەی قسە بۆ میللەتێکی ساویلکەی بێ هیمەت بکەیت، کە بەس بۆ پێکەنین گوێت لێ دەگرن.

هەر سوپاسی بابە گەورەی بکە بەڵکو ئەو لە شەق و پێلەقەی پیاوە گەندەڵ ودزەکان ومافیاکان و شەلاتیەکانیان دەتپارێزێت.

ئەگەر چوار پێنج کەسیش لەسەر تۆ بە وەڵام هاتبان، ئەگەر خۆپیشاندانێکی بێ دەنگت بۆ کرابا، تۆش ئەمڕۆ ناچار نەدەبوویت سوپاسی دۆستە دوژمنەکانت بکەیت، وبە حەکەمایەتی خەسمەکانت ڕازی بیت...

سوپاسیان بکە ئەگەر ڕۆشنبیر گەلێکی هوشیاری نەبێت، وەک ماسییە لەناو حەوزێکی شوشەی بێ ئاو!

سوپاسیان بکە سێ چارەگی گەل بێ دەنگە، و چارەگی دڵ خۆشە بەوەی بەسەرت هاتووە.

**محەمەد هەریری**
**٢٠١٧/٤/١٣**

# دیسان بۆ فەرهاد هاتمەوە گۆ!

لە دواهەمین وتارم لەسەر فەرهاد پیربال گووتم:
کەس بە قەد فەرهاد پیربال سەری لە من و لە خەڵک و خۆشی نە شێواندوە! پەنجا وتار و پۆستم لەسەری کردوە نیوەی بەرگرییە لێی، نیوەکەی تریش ڕەخنەیە لێی!

زۆرجار بڕیارم داوە بە باش و خراپ قسەی لەسەر نەکەم، بەڵام ناچارم دەکات بە ڕەفتار و کارو قسەکانی بێمەوە گۆ!

لە هەفتەیەکدا لەوەتی چەندین بیرۆکەی دژ و چەندینی لەگەڵم لەلا دروست دەکات بە کار و ڕەفتارەکانی! فەرهاد بەو کەسایەتییە بێ هەدادانەی جاریکیتر و خوادەزانێ چەندین جاریتریش پەلکێشی ناو باسی خۆیت دەکات!

کە دەیبینم ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێت، دەستخۆشی لێدەکەم، کە دەبینم خۆی سووک دەکات بۆ سەرکردەکانی ئەو گەندەڵستانە لێی تورە دەبم! کە دەیبینم لە تابۆکان دەدات زۆر لام گەورە دەبێت، کە دەچێتە باوەشی مەلا عەلی وەک منالێکی تازە جزو عەممە خوێن ڕقم هەڵدەستێنێ!
کە پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات خۆشم دەوێ، بەڵام کە دەیبەستێتەوە بە کەسانێکی ناشایستەی غەرقی ناو گەندەڵی تورەییم دەوروژێنێ!

فەرهاد پیربال وەک فەیلەسوفێکی سەردەمی گریک یان پاریس ڕەفتار دەکات، لە وڵاتێک کە مرۆڤی عاقڵی زمانگر شێت دەکات، چ جای کەسێکی دڵ ساف ومندالئاسا و سادەی دڵ وزمان وەک یەکی وەک فەرهاد.

فەرهاد بەرگەی ئەو یارییە موخابەراتییە قێزەونە ناگرێت، کە دەزگا سیخوڕییە بۆگەنەکان لەگەڵی دەکەن، ئەو دەزگایە سەخیف وبێ ڕەوشتانەی بەس بۆ گیانی کورد ئازان، بۆ دوژمنیش حیزی مل شۆڕی وەک خۆیان نییە!

یەکێ لەو هۆیانەش کە هانی دام دیسان لەو بابەتە تێوەگلێم، ئەو حیقدە مناڵبازارەی کەسانێکی سیاسی کورتبین و نەزانە کە سەرەڕای کارەساتی فەرهادیش و زیندانی کردنی و کەرامەت ڕژاندنی، خۆشحاڵی دەردەبڕن چونکە چەند جارێک لەکاتە لاوازبوونەکانی و کەس لەسەر بە جواب نەهاتنی ستایشێکی مەسعود بارزانی دەکات!

کاتێ فەرهاد دژی دەسەڵات و حزبەکان قسە دەکات، هەزاران گێل و دەبەنگ بە گاڵتە لێی وەردەگرن و گاڵتەشی پێ دەکەن، گومانیشی لەسەر دروست دەکەن کە یاری موخابەراتە! بەڵام کە ستایشی بارزانی دەکات تێکڕای هەوادارانی گردەکە بە جیدی لێی وەردەگرن!
بەڕای من پارتی و گۆڕان دوو تاوانباری سەرەکین لە کەیسی فەرهاد پیربال، یەکییان بە هێرش و سووکایەتی پێکردنی، ئەویتریان بە تێوەگلاندنی فەرهاد لە یاری زۆر قێزەون، بۆ ناو زڕاندنی! میدیای سووک و فەزائیحی کوردیش تاوانبارێکی ترە بۆ زیاتر نیشاندانی فەرهاد وەک شێتێک و سەرلێ شێواوێک! وادیارە خێزان و براکانی فەرهادیش بەو ڕەفتارانەی ئەو دواییەی زۆر پەست و ئیحراج بوونە، لە جوێندان بە مونا قاوەچی و مێردی و یان بەو ڕەفتارە نابەجێیەی بەرامبەر عەرەبە عەگال بەسەرەکە کردی، بۆیە خۆیان داوای دەستبەسەرکردنیان کردوە، ئەوەش بەداخەوە کارێکی نامەسولانەیە دەبوایە نەیانگەیاندبا ئەو سنوورە.

ئەگەر کێشەی دەروونی هەیە، بە ڕێگایەکی پزیشکی چارەسەریان بۆی کردبا، نەک بە گرتن و دەست بەسەرگرتن! ئەوان بەو پشت لەعەرزدانەی فەرهاد، ڕووتیان کردەوە لە هەر پشتگیریەکی مەعنەوی خۆیان! ڕەفتاری ئەو برایانەی، ڕەفتاری برایەکی بەدر شاکر سەیابم بیردەهێنێتەوە، کاتێ وازی لە شیوعیەت هێنا، حزبی شوعی برایەکی

نەخوێندەواری سەیابی وەک برا قەسابە نەزانەکانی فەرهادی هان دەدا بۆ نووسین لە دژی سەیاب!

لەگەڵ ئەوەشدا بەڕای من ڕەخنە و جوێنەکانی ئەو دواییەی بۆماڵی بازرانی و نێچیرڤان بە تایبەتی هۆکاری سەرەکی ئەو دەستبەسەر کردنەن، ئەو ڕەخنە توندانەی کە جەماوەرێکی گێل لە دەوری بە گاڵتە و فشە لێیان وەردەگرت، لە جیاتی پێی ڕاپەڕن! زۆر ئەزیەت دەخۆم کە فەرهاد وا بە جیدی دەیەوێ خەڵک بجوڵێنێ، خەڵکەکەش بۆ گاڵتە و پێکەنین لە دەوری کۆدەبنەوە و بەتەوسەوە سوکایەتیشی پێدەکەن!

مرۆڤی وەک فەرهاد وا ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ پڕی مێژوو بوون لەناو میللەتانی تر، بەڵام باوەڕناکەم بەو قەسوەتە و بێ ڕێزییە ڕەفتاریات لەگەڵدا کرابێت!
ئازادی بۆ فەرهاد پیربال و هیوادارم هیچیتر لەو نیشتیمانە نەژێت کە دەزگا سیخوڕەکان ئەفلاتونت بۆ شێت دەکەن و ئەو نیشتیمانەی خەڵکەکەی دڵکرمی لە یەک و ڕقن و بوغزاوی و پەرتەوازە، کە بەرگەی نووسین و وتە و هەڵچوون و شێتبوون و جوێن و ڕەخنەی فەرهاد ناگرن!

٢١٠٨/٥/٢

## هەزارجار پیرۆزت بێت کاک فەرهاد پیربال

ئەگەر ئاڵا بوبێتە هۆی ڕزگارکردنی تۆی فەرهاد پیربال لە مەرگ یاخوا هەزاران جار پیرۆززت بێت، من سەرەڕای هەر سەرنجێکیشم هەبیت لەسەر بیرکردنەوەت، بەڵام هیوای ژیانێکی بەختەوەرت بۆ دەخوازم حەزناکەم کەسیکی قسە خۆش و هەقبێژ و جاروبار قۆڕبێژی وەکوو تۆ هیچی لی بێت، زۆرت لی فیر دەبین لە ڕاشکاویت ولە قسەکردنەوە لە منی باڵاوە ڕاستەوخۆ...

زۆرت لە ناخەوە بە پێکەنین هیناوین، پیکەنینێک کە هەموو دڵ ودەروونمانت ئاورشێن کردوە بە قسە خۆشەکانت. هەر تۆ نیت هاوسەرگیریت کردبێت لەگەڵ کچێکی زۆر لە خۆت بچوکتردا، دەیەها کەسی ناودار و ئەستێرەی جیهانی و ئەدیبی گەورە ئەوەیان کردوە بەر لە تۆ .دەیان پیاوی دینیش شتی وایان کردوە، نازانم بۆ بەس بۆ تۆی بە رەوا نابینن !من پێموایە تۆ شایەنی ئاڵای، ئاڵاش شایانی تۆیە!

وابزانم تەنها چینێک هەن کە لیت تورەن پێویستە کەمیک موراعاتیان بکەیت، ئەویش گەنجانێکی خێرنەدیو و بی دۆست وبی نازن، کاردانەوەی ئەوانیش زیاتر عاتیفی یە لێیان تورە مەبە، ئەوان یاخیانە بیردەکەنەوە، وادەزانن تۆ وەزیری کۆمەڵایەتیت وبەرپرسی لە مەحرومیەتی ئەوان لە کار و خۆشەویستی، کە زیاتر پیگەیشتن و فێری خۆشەویستی بوون کە بە تەمەن نییە، دڵنیابە یەکەم کەسانێک پیرۆزبایت لێدەکەن، چونکە گەنجەکانمان پاکن، بەڵام لەو گەندەڵستانە بی ڕەحمە زڕباوکە، ناکرێت فێری خۆشەویستی بن بە ئاسانی!

وادەزانن تۆ بەرپرسی لەو هەموو گەندەڵی وناعەدالەتیەی لەو وڵاتە دەگوزەرێت، نازانن مەکینەی گەندەڵی هێندە زەبەلاحە دەیان حزب و گروپ و ڕۆشنبیری وەک تۆشی هەنجن کرد لەژێر ڕەوڕەوەکانی، کوا کی پاک ماوەتەوە، دەگمەن نەبێت، تا گلەیی لە ناپاکی تۆ

بکەین؟!
سەد هەزار جار پیرۆزە کاک فەرهاد پیربال..

٢٠١٥/٢/٢٧
**محەمەد هەریری**

# بەشی سێیەم
# فەرهاد پیربال:

# دینی قورئانەکەی دایکی!

مەلا عەلی و فەرهاد پیربال: مەرگی ڕۆشنبیر و ژیانی جەهل و خورافەت!

کە دەڵێم مەلا عەلی و فەرهاد پیربال دوو لوتکەن، مەبەستم هەردووکیان لە یەک بواردا دوو لوتکە نین، بەڵکو لە بواری جیادا!

فەرهاد پیربال لوتکەیە لە ڕاشکاوی و دڵ سافی و ئاشکرا دەربڕینی ناو هەناوی، هەروەها لوتکەیە لە دەربڕینی نارەزایی و نیگەرانیەکانی بە بەرائەتێکی منداڵانەوە! مەلا عەلی لوتکەیە لە زمان پاراوی و زمان لووسی و خۆ بچووک نیشان دان، و تەوازوع نواندنی بازرگانانەوە! من دەڵێم ئەگەر حزبە ئیسلامیەکان بە قەد مەلا عەلی مەعلان بان، و زمان لووس و موتەوازیع و بێ فیز بان، کاریگەریان زۆر زۆرتر دەبوو لەوەی کە هەیانە!

تۆ بڕوانە ڕۆشنبیرێکی ئەدیب و نۆڤلیست و دەرچووی دکتۆرا لە فەرەنسا، لەبەر ئەو کێشانەی ڕاشکاوی و دەسەڵاتی تۆقێنەر بۆی دروست کردوە، بچیت خۆت بهاوێیتە باوەشی مەلایەکی نەزانی بازرگانی دین و تویی نەبەوی تا پاکانەی ئیمانبداریت بۆ بکات! مەلا عەلی ئەوەندە زیرەکە لە ستایش کردنی فەرهاد پیربال، هەر بە دانا و فەیلەسوفی کوردستانی ناو دەبات، فەرهادیش بەو دەروونە زامدارەوەی یاریە قێزەونەکانی حزبەکان و نەزانەکان، وەک منداڵێکی بەریئ لە کاتی ستایشەکانیدا شاگەشکە دەبێت، و نازانێت چۆن چاکەی مەلا عەلی بداتەوە!

مەلا عەلی وەک ئیسلامی سیاسی ڕەفتار ناکات، ئەو خاوەن پرۆژەیەکی بازرگانییە، کە بە سەدان هەزار دۆلاری بەسەر دادەبارێنێت، پێویستی بە پشتگیری نەک فەرهادێکی فاسقی نوێژنەکەری مەشروب خۆرێکیشە، بەڵکو پێویستی بە مەسیحیەک و ئێزدیەک و جوویێکیشە دوو قسەی خێری بۆ بکەن !بە پێچەوانەی ئیسلامی سیاسی تا پێی بکرێت ڕووی گرژدەکاتەوە هەتا لە دیندارە ناسیاسیەکان.

زامی فەرهاد لەو بی ڕیزیانەیە کە بەرامبەری دەکرێت، و لەو پیلانانەی حزبە دەسەڵاتدارەکان و دەزگا موخابەراتەکانیەتی. زامی فەرهاد لە دەست ئەو پارتیانەیە، کە پێیان وایە فەرهاد نابێت دەم لە راستی سەرکردەکانیان بکاتەوە، زامی فەرهاد لە دەست ئەو گۆڕانانەیە کە بە چڵکاوخۆرێکی پارتی دەزانن !یان لە دەست ئەو ئیسلامیانەشە کە بە کافر و فاسقی دەزانن!

فەرهاد وەک زۆر ڕۆشنبری تر، زۆر لاوازە لە فەرهەنگی دینی، نازانێت مەلا عەلی هەتا مەکروهیشە لەناو بازنەی ئیسلامی سیاسیدا ! وادەزانیت مەلا عەلی بەو زمانە لووسە، و بەو دەست ماچ کردنەی، و بە زانا ودانا وەسف کردنەی، ئیتر شەرعیەتی خۆی دەسەنێتەوە! هیچ ئیسلامیەکی تر ناتوانن گومان لە ئیمانی بکەن، پاش ئەوەی مەلا عەلی ئیمانی زیندووکردەوە بە شایەت پی هێنانی و نوێژی بە جەماعەت!

فەرهاد هێندە مەلا عەلی لی گەورە بووە، ئازادی بڵاوکردنەوەی جەهلی مەلا عەلی، بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەبەستێتەوە!

دەڵێت دەبێت دان بە زانایی و دکتۆری و دانایی مەلا عەلی بهێنن! ڕازییە بە درۆکانی مەلا عەلی لە چارەسەری ئیدز و شێرپەنجە

و جێبەجێکردنی شەریعەت و خەتەنەکردنی ئافرەتان! کتێبە پڕ لە خورافاتەکانی توبی نەبەوی و سیحر وجادووەکانی، کە هەمووی تەرجەمەی کتێبە خوڕافاتەکانی عەرەبیە، من خۆم دیومن، بەراورد دەکات بە کتێبی بنچینەی جۆرەکانی داروێن!

مەلا عەلی یش زامی هەیە، زامی مەلا عەلی لەوەدایە کە زۆر لە ئیسلامیەکان دژایەتی بازرگانیەکەی دەکەن، نەک لەبەرئەوەی باوەڕیان بەو خورافاتانەی توبی نەبەوی نییە! بەڵکو چونکە مەلا عەلی لە زۆر لە وەسفەکانی تەجاوزی توبی نەبەویش دەکات، وەک مەشروبە بە ناوبانگەکەی شیرمیز خواردنەوە، و ڕیخی مانگا لەسەردان و هتد...

لاوازی هەر ڕۆشنبیرێک لەبەرامبەر بازرگانانی دین دەردەکەوێت! فەرهاد پیربالێکی وا یاخی وا ملشۆڕ بیت بەرامبەر مەلا عەلی، چاوەڕوانی شەرعیەتی لێ بکات، ئەی خەڵکی گشتی نەخوێندەوار چۆن بە چۆکدا نەیەت بۆ مەلا و جادوگەر و بازرگانانی دین!؟

**محەمەد هەریری**
**٢٠١٧/١/٨**

# فەرهاد پیربال و مەلا عەلی بۆ؟!

من ئەو چوونە لای مەلا عەلییەی بەڕێز فەرهاد پیربالەوەدا دەبینم:

١- فەرهاد هەردەم کەسێکی خاوەن ڕەفتاری ناچاوەڕوانکراوە، و ئەوەی بە میشکی دابێت دەیکات بێ حیساب کردن بۆ هیچ داب ونەرێت و عەیبە و عەیب نییە. ئەوەش خاڵێکی خراپە لای خەڵکانێک و

خاڵێکی باشە لای خەڵکانی تر، خەڵکێکی زۆر خۆشی دەوێت لەبەر ئەو عەفەویەتەی کە وەک منداڵێکی دڵ پاک نیشانی دەدات.

٢- بەڕای من فەرهاد لە ژێر هەڵمەت و فشارێکی گەورەیە بۆ زیان لێدان و ناوزڕاندنی، دەیەوێت هەر نەبێت ویێەی خۆی لە بەرامبەر دیندا پاک بکاتەوە، وەک لە ڤیدیۆکە دیارە مەلا عەلی جەخت لەسەر موسڵمان بوونی فەرهاد دەکاتەوە و سوجدەی هاوبەشی پێ دەبا.

٣- هەڵبژاردنی مەلا عەلی هەڵبژاردەیەکی هەرچەندە ڕاست نەبوو چونکە مەلا عەلی خۆی تۆمەتبار کراوە لەلایەن سەلەفی و ئیسلامیەکان بە دەجەل و شەعوەزە، بەڵام فەرهاد هەست بە ئارامی مەلا عەلی دەکات، دەزانێ قوڵاییەکی شەعبی هەیە، بۆیە چۆتە لای ئەو.

مەلا عەلی یش زۆر بلیمەتە لە ڕەفتارکردنی نەرم، و ڕێزگرتنی زۆری بەرامبەر و تەوازوع نواندن، تا ڕادەی کاتێ فەرهاد جارێک دەستی ماچ کرد ئەو ٣ جار دەستی فەرهادی ماچ کردەوە، بێ گوێدانە ڕەخنە و فشەفشی ئیسلامیەکان کە چۆن دەبێت دەستی نووسەرێکی عەلمانی ومەشرووب خۆری وەک فەرهاد ماچ کەیت؟! زیرەکی مەلا عەلی لەو بوارەدا جێگای سەرسامییە، باش دەتوانیت یاریەکی سەرکەوتوو بکات لەگەڵ دەوروبەری.

٤- فەرهاد لە ڕووی دەروونیەوە زۆر ماندوو و ناڕەحەت دیارە، بەو چوونەی بۆ لای مەلا عەلی جارێ مەرگی ڕۆشنبیر دەدات لەناو کۆمەڵگایەک کە هەموو هێلکەکانی خستۆتە سەبەتەی دینچیەکان، و جارێ دۆڕانی ڕۆشنبیر دەدات کە هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی بەسەر کۆمەڵگا نیە، هەتا بەقەد مەلایەکی فاشیل.

فەرهاد بە ڕۆشنبیرەکان دەڵێت ئێوە هەمووتان چونکە سەربەخۆ نین ناتوانن بەرگری لە خۆم و ژیانم بکەن، شەرعیەت پێدانم لەلایەن

مەلایەکی ناوداری ساحەکە بارتەقای هەموو بەرگریە شەرمنۆکەکانی ئێوەیە.

ئەوە خوێندنەوەی منە بۆ ئەو پێک گەیشتنەی فەرهاد پیربال و مەلا عەلی، زۆریشم پی ناخۆشە ڕۆشنبیرێکی گەورەی وەک فەرهاد وەک تۆبەکارێک لە باوەشی مەلایەکی بازرگان بە دیندا دەبینم، هەست بە بی دەسەڵاتی و شەرمەزاری دەکەم بەو دیتنە.

٢٠١٦/١١/٢١

## فەرهاد پیربال

## دینی عەلی کەڵەکی لە جیاتی دینی عەلی شەریعەتی!

تۆ لە فەرەنساوە فێر بوویت بیرکەیتەوە بەو هەموو میراتە فیکری و فەلسەفیەی لەو وڵاتە هەیە. ئەگەر دەشگەڕییەوە بۆ ئیسلام چاوت لە سارتەر کردبا کە گووتی من دینم نییە، بەڵام ئەگەر ناچار کرام دینێک هەڵبژێرم، ئەوە دینداریەکەی عەلی شەریعەتی هەڵدەبژێرم! نەک دینی عەلی کەڵەکی!

یان وەک ڕۆژیَ گارودی بە ڕەهەندێکی قوڵی فەلسەفی و عیرفانیەوە بهاتبایە ناو دینداری، نەک بە شێوازی داپیرە و باپیرەم یا بە شێوەی کەسێکی نەخوێندەواری فریوخواردوو بە دەجالێکی طبی نەبەوی!

ئەخر تۆ نازانی بەو هەڵوێستانەت بەرامبەر دەجالێکی وەک مەلا عەلی، چەند زیان لەوێنەی خۆت و کەسایەتی خۆت دەدەیت! تۆ نازانیَ ئەو کارانەت هانی سەدان ساویلکە دەدات زیاتر فریو بخوات بەو دەجالە!

لەسەر شەقامیش هەموو ڕۆژ خۆت بە تەواوی ڕووت کردبایەوە، هێندە پەست نەدەبووم هێندەی پەستبوونم بەو ئیمانە نەخوێندەوار و ئومیەت.

بژی مەلا عەلی و بژی میزەکەشی وەک لە ئاخیر ڤیدیۆت گووتت! وادیارە پاش دۆستایەتی مەلا عەلی ، تۆش میزت بوە بە شیفا!

**محەمەد هەریری**

**٢٠١٧/٣/١**

## ئەوە وتارە یان وڕێنەی پاش نەشتەرگەری و بەنج بەردانە؟!

ئەوە وتارە یان وڕێنەی پاش نەشتەرگەری و بەنج بەردانە؟!

پیربال دەڵێت ئەو و دە دوازدەی تر ئەو ئینسانەن کە خوا دەیەوێت و لەو ژمارەی زیاتر دەست ناکەویَ؟! بێگومان مەلا عەلی و بابی بابانیشی تێدایە ئەو دوازدە ئیمامەی بەشەریەت!

"ئاخرین ئاخرین ئاخرین ئاخرین ئاخرین قۆناغی کەماڵ کە هیچ کەس لە خودا زیاتر نازانێت ئەو ئاخرین قۆناغەی پێشکەوتنی ئینسان کامەیە، ئەوکاتەیە کە لەناو هەموومانەوە سەربژاردەیەکی ساڵیحات و ساڵیحینی زانا و عاقڵ و پاک و ڕاست و سەر ڕاستەکان "بەهێز و سەرکەوتووەکان" دەمێننەوە؛

ئەمانەن (ئینسان) بە ڕای من، ئەو ئینسانەی خودا دەیەوێ و دەستی ناکەوێ لەسەر گۆی زەوی (تەنیا دە دوازدەیەکی وەک من نەبێ!) من بەمتمانە و دڵنیاییەوە ئەم قسەیە دەکەم."

وتارێک لەبارەی داهاتووی بەشەریەت

فەرهاد پیربال!

**محەمەد هەریری**

**٢٠١٧/٦/٣**

# بەشی چوارەم

# فەرهاد پیربال و نووسین وئەدەب

لە گەندەڵی سەردەمی شێخ محمودەوە بۆ گەندەڵی سەردەمی بارزانی! خەبات بەردەوامە

لەوە دەچێت لە مێژە خۆمان باش ناناسین، لەبەر هەندێ سیفەتی باش، سیفەت و شتە خراپەکانی خۆمان نەزانیبێت. یەک لەو شتانەی کە نەماندەزانی ئەوەیە کە ئێمەی کورد هەمیشە گەندەڵی بەبەرچاومانەوە کراوە لەلایەن سەرۆک و سەرکردەکان، هەمیشەش یان ئەوەتا قەت دەنگیشمان نەکردوە، یانیش دەنگیشمان کردبێت هەر بۆیان چۆتە سەر، تا ڕادەی ئەوەی هەندێ لەو سەرۆک و سەرکردانە بۆنەتە ئیکۆنێکی مێژوویی پیرۆز و موقەدەس، هیچ کەس شتێکی ئەوتۆ لەبارەی دیوەکەی تری گەندەڵی و خیانەتەکانی نازانێت دەرهەق بە گەل.

من هەرگیز باوەڕ ناکەم ئەو هەموو گەندەڵەی کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەیکەن، کە بڕستی لە خەڵک بڕیوە، بێ ڕەگی مێژوویی بێت، ڕاستە سەرکردەی باش و خاکیش هەشبوون، بەڵام نازانم ئەوانیش هیچیان لە دەستدا نەبوو، یان پارە نەبوو و کات لەبار نەبوو بۆ گەندەڵی بۆیە نەیانکردوە، یان هەر خۆیان مرۆڤگەلی چاک بوون!

من زۆرم لە کەسە زیندوەکان گوێ لێ بووە دەربارەی ئەو گەندەڵییەی کە هەبوو لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٤، سەرەڕای داوێن پیسی بەرپرسان بەرامبەر ژنانی کوردی ئاوارە و دەیان کاری بۆگەنتر. بەس دیارە دەرامەتەکە ناکاتە ١٪ ئەوەی ئەمڕۆ بۆیە هەر کەس بە کتێبێکیش بەلایدا نەچووە، مەگەر وەک خاڵێک لە کتێبێکدا بە خێرایی باس کرابێت!
دەزانن ئەو شێخ مەحمودەی کە بۆتە ئەو کاریزمایە مێژووییە دەڵێن دەیان کاری گەندەڵی ڕوویداوە لەسەردەمی ئەو، بە عیلم و ئاگاداری خۆی، هەندێکیان بە دەستی خۆشی!

پێش ماوەیەک وتارێکی زۆر سەرنج ڕاکێشەری فەرهاد پیربالم دی دەربارەی گەندەڵیەکی گەورەی سەردەمی شێخ، کە گوزارش دەکات

لەو دەروونزمییەی کە بەرپرسانی کورد تیایدان، بەڵکو تاکی کوردیش. ئەوە هەمان ئەو دەروونزمیەیە کە مرۆڤێک هاندەدات لە ئەورووپاوە بژیت ژیانی هەموو دابین بێت، کەچی بۆ مووچەیەکی گەندەڵی جرت و فرتی بێت لە نێوان ئەورووپا و کوردستان لە پێناو مووچەیەکی گەندەڵی !

وتارەکەی پیربال باسی شتێک دەکات کە پێیان گووتوە [فەقیرانە] لە سەردەمی شێخ مەحمود وەک مووچەیەکی هەژاران بڕاوەتەوە گوایە بۆ ئەو خەڵکە هەژارەی کە بژێوی ژیانیان خراپ بووە! بەڵام وەک پیربال دەڵێت:

" لەناو رۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموود، لەناو لیستی ئەوانەی "فەقیرانە"یان لە بەلەدییەی سلێمانی وەرگرتووە، ناوی دەیان بەگ و ئاغا و شێخ و بەگزادەی – بۆ نموونە وەک "ئەحمەد بەگی شەوکەت بەگ، شێخ حەمەومین ئاغا و فڵان ئاغای ناودار و بەگزادەی شێخ فڵان بەگ "دەبینیت، وەک )سوالکەر!) ناویان لە رۆژنامەکەی شێخ مەحمووددا تۆمار کراون، ""فەقیرانە- سۆسیال"یان لە حکوومەتی مەلیک مەحموود وەرگرتووە!

لە هەمووی ناخۆشتر وتارەکە دەڵێت : دوو مەلای ناوداریشیان تێدایە کە هەمان فەقیرانەیان وەرگرتووە و ناویان نووسراوە!

باشە ماقوڵە ئەگەر دەروون نزم نەبیت ناو لە خۆت بنێی ئاغا و شێخ و بەگ و بەگزادە، کە ئەو ڕۆژگارە سەرتۆپی کۆمەڵگا بوون، هەمووی دەرەبەگ و خاوەن خاک و گوند و زەوی، کەچی بچیت ناوت لە لیستی فەقیرانە تۆمار بکەیت، تا بەشی فەقیرەکانیش بخۆیت؟! بەخوای مرۆڤی فەقیریش پێی ناخۆشە مووچەیەک وەرگرێت بەناوی فەقیرانە ئەگەر ناچار نەبێت، ئەخر شێخ و بەگ و ئاغای ترزل چۆن شەرمیان نەکردوە "ناویان لە ڕۆژنامەی "ژیانەوە و ژیان"دا تۆمار کراوە، خەڵکی

وای تێدایە کە ئەولادە ملیۆنێرەکانی ئەمڕۆ، روبعێکی سلێمانی بەناوی ئەوانە! هەر لەبەر هەمان هۆکاریش، نەمویست ناوەکانیان لێرەدا بڵاو بکەمەوە وەک بەڵگە."

ڕاستە کاوە حەفید وەڵامی دایەوە بەڵام چ وەڵامێک، گوایە بە پاڵنەری حزبایەتی و پارتی ئەو سوکایەتیە دەکرێت بە شێخ مەحمودم دەڵێت: ئەو بەگ و ئاغا و شێخانە مەرج نییە هەژار نەبووبن! یانی شێخ و بەگ و ئاغای تۆزوبا بوونە! ناڵێت چۆن شێخ محمود ڕازی بووە لە ڕۆژنامەکانی ناوی ئەو هەموو بەگ و ئاغا و برسی بەگانە ببینێت، لە لیستی فەقیرانە و چاوپۆشی لێ بکات، دەیەوێت کێشەکە بگەڕێنێتەوە بۆ کێشەی یەکێتی و پارتی.

من هەقم نییە پیربال ئەو کارەی بۆ کێ و بە پاڵنەر چی کردوە، لەوەش ناچێت بەو پاڵنەرە کردبێتی، چونکە ڕەخنە لە گەندەڵی ئێستاش دەگرێت لە وتارەکە. گرنگ ئەوەیە لیستەکان و سەرچاوەکان هەن، دەیسەلمێنن کەسایەتی کوردی لە لوتکەوە وا سووک و چروک بوون هەمیشە، بۆیە ئەمڕۆ سەرکردەکانمان ئامادەن کورد لە برسان بکوژن و ڕیسواکەن، نەک دەست لە دزی و تەماعی بێ بڕوانەوە و چڵێسی هەڵگرن، دەستی ئەو مللەتە بگرن بیانبەنە ناو کۆڕی میللەتانەوە. دزی و تاڵانمان مەکەن دەوڵەتی کوردیمان لێتان ناوێت بەو برسێتییە و دەروون تێکشکاویە، دزی و تاڵانی خەڵک مەکەن، کەس نایەوێت ئاڵایان بۆ هەڵکەن ئەو چڕە مەعاشەی بەغداشیان لێ ببڕن!

سەرچاوەی وتارەکە و وەڵامەکەی شێخ کاوە حەفید ـ ئاوێنە

٢٠١٧/٣/٢٨

# کە ویران ئاوەدان دەکرێتەوە!

بەر لە هەموو شتێک دەمەوێت بڵێم، لەوەتی ئەو هەرایەی گۆڤاری (ویران) ناویەتەوە، من بەدوای ئەو گۆڤارە دەگەڕێم لە ئینتەرنێتدا بەڵام لەوە دەچێت پێگەشی نەبێت لە ئینتەرنێت، کە ئەمڕۆ زۆربەی هەرە زۆری بڵاوکراوەکان بە قەڵە وزەعیفەوە پێگەیان لە نێتدا هەیە!

کەوابوو گۆڤارێکی دوو مانگ جارەکی وبێ پێگەی ئینتەرنێتی، دەبێت خاوەنەکەی لە چ کانیەکی پیرۆز دەموچاوی شۆردبێ، تا ئەو هەموو مەلا وخەتیبانە سەرەڕای حزبانێکیش وابەگەرمی پڕوپاگەندەی بۆ بکەن وبێ بەرامبەر بە خەڵکی بناسێنن؟!

وەک ئاماژەم پێکرد من ئێستاش نوسینەکانی ئەو گۆڤارەم نەخوێندۆتەوە، چونکە دەستم پێیان نەگەیشت، جگە لە چەند ڕستەیەک نەبێت، کە لە چەند نوسینێک وچاوپێکەوتنێک بەرچاوم کەوتن. هەروەها چەندێکیشم بەرگوێ کەوتن لە تەلەفزیۆن. ئەگەر ئەو دەربڕین وڕستانە ڕاست بن، ئەوە بێگومان نوسەرانی ئەو گۆڤارە کارێکی زۆر هەڵەیان کردوە، وپێویستە بە شێوەیەکی یاسایی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

چاکترین نوسینیش لە کۆی ئەو هەموو نوسینانەی نوسراون، لەسەر کێشەی گۆڤاری وێران نوسینەکەی بەڕێز کەمال سید قادر بوو بە ناونیشانی (یاسا و سوکایەتی کردن بە ئاینەکان) کە وەک مافناسێک نمونەی یاسایی چەندین وڵاتی پێشکەوتوی جیهانی هێنابویەوە، وەک بەریتانیا وئەڵمانیا وفەرەنسا وکەنەدا وهۆڵەندا وهتد.

تێیدا سەلماندبوی کە چۆن لە یاساکانی هەموو وڵاتانی جیهان سزا هەیە، بۆ ئەو کەسانەی تانە لە پیرۆزیەکانی خەڵک دەدەن. لە کوردستاندا دوو حاڵەتی زۆر نێگەتیڤ هەیە لە کاتی ڕودانی ئەو کێشانە، یەکەمیان ئەو هەڵمەتە مینبەریانەی کە دەکرێت، وباسی گۆڤارێکی نەناسراو بۆ سەرتاسەری ئۆمەتی محمدی دەکرێت، وسەرەڕای هەندێک وشە ودەربڕین کە چاکتروایە لەسەر مینبەرەکان نەوترێن، ویان هاندانی خەڵکی سادە وخوێن گەرم لە دژی کەسانێک کە لەوانەیە تاوانی کوشتنی لێبکەوێتەوە.

حاڵەتی نێگەتیڤی دووەم ئەو ئەدیب ونوسەرانەن کە پشتگیری لە هەموو شتێک دەکەن، لەدژی بەهای دینی نوسرا بێت، بەڕاستی حەیفە ئەو ناوە زلانە ڕیزبەندی بکەن وئیمزا بکەن، بۆ پشتگیری کردن لەو قسە حەلەق وبەلەقانەی، وێران خانەکەی فەرهاد پیربال.

واچاکترە ئەو برادەرانە ئەگەر نوخبەن تۆزێک ڕیز لە هەستی خەڵکی ڕەشۆکیش بگرن، وخەڵک فێری ڕیز لەیەک گرتن بکەن، نەک هاندانیان بە ئیمزا کۆکردنەوە.

کاتی خۆی کە کتێبەکانی فەرهاد پیربالْ سوتێنران، لەلایەن گوایە چەند لایەنگیرێکی گۆڕان ئێمە لە یەکەمینی ئەو کەسانە بوین کە ئەو کارەمان ئیدانە کرد، ئێستاش دوو وشەم هەیە بۆ فەرهاد پیربالْ، ئەویش ئەوەیە:

"لەوە دەچێت تۆ لە ئەوروپا تەنها زمانی پیس فێر بوبیت، بۆیە کە قسە دەکەیت، بە لێشاو جوێن لە دەمت دەردەچێت. ئەو زمانەی قسەی پێدەکەیت زمانی گانگەستەر وچەتەکانی کۆڵانانە، کە لەکاتی نیشاندنی هەر فلمێک لە ئەوروپا ئەو زمانە زبرەی (سترۆنگ لانگویجەی strong language) تێدا بێت، بینەری لیٚ ئاگادار دەکرێتەوە! وابزانم لەمەودوا تەلەفزیۆنەکانی کوردستانیش پێویستی بەو ئاگادار کردنەوە دەبێت ئەگەر جەنابت مێوانی هێڵەکانیان یان ستۆدیۆکانیان بیت!

ئەو هەموو بێڕێزی و قسە ناشیرنانەی لە بەرنامەکەی KNN دەرهەق بە بەڕێز موسەنات کرد کە لە تەمەنی کوڕی تۆدا دەبێت، مایەی نەنگییە کە ئێوەی خۆ بەرۆشنبیرزان خەڵکی فێری ئەو جۆرە داشۆڕیە، وزمانی گانگستەر وچەتەییە بکەیت لە جیاتی گفتوگۆ. مافی هەموو کەسێکە خوێندنەوەی تایبەتی هەبێت، بۆ هەموو چەمکە ئاینیەکان، بەڵام مافی کەس نیە بە هیچ شێوەیەک لە ژێر هەر بیانوێک، تانەی ڕووت لە پیرۆزیەکانی خەڵک بدات، هەرچەندە توندڕەوان زۆر جار جیاوازی لە نێوان خوێندنەوە ورەخنە لەگەڵ هێرش وتانە ناکەن. خۆزگە لەجیاتی ئەو هەموو هەرایە چەند کەسێک ونوسەرێک وەڵامێکی کورتی بیٚ

ئەهمیەتیان بۆ نوسینەکانی ویران نوسیبا، وکێشەکە حەجمی خۆی پێدرابا نەک ویرانمان لی ئاوەدان کەنەوە.

٢٠١٠/٥/٨

## سوتاندنی کتێب لە نێوان

## (کەرەکەی) فەرهاد پیربال و (سەگەکەی) سەرۆ قادر

دیاردەی سوتاندنی کتێب زۆر کۆنە لە زۆربەی شارستانیەکان ڕویداوە، سوتاندنی کتێبی هەر کەسێک لە سێدارەدانێکی مەعنەوییە بۆ ئەو کەسە. بۆیە ئەوەی ماندوبوون وشەونخونی کێشاوە بەو کتێبانەی کە دەسوتێنرێن ئازاری سوتاندنەکە بەقەد کوشتنێکە. ئەوەی جێگای دڵخۆشییە تەکنۆلۆژیا بواری لە ناوبردنی کتێب ودەستوسی زۆر تەسک کردۆتەوە ئەگەر بە تەواوی کۆتایی پی نەهێنابێت، ئەمڕۆ نوسەر دەتوانی هەموو نوسینەکانی خۆی لەسەر یەک (مێمۆری ستیک) بپارێزێت یان چەندین دانە کۆپی لێوەرگرێتوە یان بە سکان کردن

بیپارێزێت، بۆیە سوتاندنی کتێب لەو ڕۆژگارە سودی سوتاندنی کتێبی دوێنێی نییە، تەنها هێما مەعنەوییەکەی نەبێت، لە ڕابردودا کاتێک کتێبی یەکێک دەسوتێنرا بە تایبەتی لەسەر دەستی دەسەڵاتی سیاسی شوێنێک ئەوە بەدەگمەن کتێبێک یان دوان ڕزگاریان دەبوو ئەگەر کۆپیەکی تری هەبوایە لە وڵاتێکی تر ولە ژێر حوکمی دەسەڵاتێکی تر، هەر بۆیە سەدان هەزار وبەڵکو ملیۆنەها کتێبی سوتێنراو لەناوبراو بە هەر ڕێگایەکی تر وەک خستنە ئاو وزیندەبەچاڵ کردن (!) ئێستا هیچ ئەسەریان نەماوە لە جیهاندا.

کێن ئەوانەی کتێب دەسوتێنن؟! بێگومان چەند دەستەیەک ولایەنەک ئەو کارە دەکەن:

**یەکەمیان:** خودی خاوەن کتێبەکە، ئەوەش زۆر جار ڕویداوە لە مێژوو کە نوسەرێکی بەناوبانگ لەبەر چەند هۆیەکی دەروونی وەک هەستکردنی بە ئیهانەکردن وڕیزلێنەگرتنی ئەو کارە دەکات وەک چۆن ئەدیب وزانای گەورەی ئیسلام (ئەبو حەیانی تەوحیدی) کردی لە سوتاندنی هەموو کتێبەکانی!!

هەر ئەبو حەیان پاش ئەوەی گلەیی لێدەکرێت لەلایەن قازییەکی بەناوبانگ لەوەڵامدا زۆر بێهودە وعەبەسیانە دەنوسێت: (سەیرم پێدێت کە پەیت بە هۆکاری سوتاندنەکەمت نەبردوە، دەڵێی قسەی خوای گەورەت نەخوێندۆتەوە (ئەوەی هەیە مایەی فەنابوون ولەناوچوونە جگە لەو، حوکم هەر بۆ ئەوە وبۆلای ئەویش دەگەڕێنەوە) (كل شيء هالك إلا وجهه، له الحكم وإليه ترجعون) دەڵێی گوێنادەیت بە قەولێکی تری: (هەموو شتێک لەسەر ئەو زەوییە لەناودەچێت) (كل من عليها فان) .

**دەستەی دووەم:** دەسەڵاتی سیاسی وئاینی وئایدیۆلۆژییە

وەک سوتاندنی کتێبی مەنتیق وعلم الکلام وفەلسەفە لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عەباسی وسەردەمی دەوڵەت وئیماراتەکان، زۆر جاریش ئەو هۆیە هۆیەکی دینی لە پشتەوە بوو، بەڵکو جاروبار ئەو جۆرە ڕوداوانە بە شێوەکی کەمتر دەگەڕێتەوە پێش ئەو سەردەمەش کاتێک (عبداللملک کوڕی مەروان) کتێبێکی سوتاند لە ساڵی ٨٢ کۆچی کە لە فەزڵ وپیاوچاکی ئەنسارەکان نوسرابوو، کە دژی سیاسەتی ئەمەوییەکان بوو.

لەسەردەمی نوێشدا لە دەوڵەتی کۆمەنستیدا کتێبی جگە لەو جیهانە بەتەواوی قەدەغە بوو، خرۆشۆف دەیگوت: ئەگەر مەیمون وسەگ وکەر بتوانن بنوسن شتی چاکتر دەنوسن لە نوسەرە سەرمایەدارەکان!!

بەبۆنەی سەگ وکەر، با بێینە سەر سوتاندنی کتێبەکانی فەرهاد پیربالڕ، بەڕاستی ئەو ڕوداوە ئەگەر بە هەر جۆرێک ولە ژێر هەر پاساوێک بیانووی بۆ بدۆزرێتەوە کارێکی هەڵەو مەترسیداریشە، چونکە بۆی هەیە سبەی کتێبی بیانوچیەکانیش بسوتێنرآ بە بیانووی تر، چونکە مرۆڤ وەستای بیانوە (وَكَانَ الْإِنسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا).

نوسەرێکی وەک فەرهاد پیربال مناڵێک نیە تا یەکێکی تر بۆی بڕیار دات، نەخوێندەوارێکیش نیە یەکێکی تەزویرچی سەحەکەی بۆ لێدات، بۆیە هەقی کەس نیە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات لەسەر دەنگدانی بە مەسعود بەرزانی، ئەو هەڵوێستەشی هەرخۆی ئەنجامەکانی بە ئەستۆ دەگرێت بە باشی بێت یان بە خراپی، سەرنجێک هەیە پێویستە خەڵکانێک

بیزانن کە لیستی کوردستانی و کاک مەسعود لەلای جەماوەری کوردستان وەک یەک شت تەماشا نەکرا وبەڵگەش جیاوازی دەنگەکانی لیستەکە وخودی بەرزانی یە!

بۆی هەیە یەکێک دەنگی نەدابێتە لیستی کوردستانی بەڵام سەرۆکایەتی کاک مەسعودی پی چاکتر بێت لەو بارودۆخەی ئێستای عێراق وکوردستان. بە نسبەت تورەبونی بەڕێز فەرهاد پیربال کە وەسفی ئەو کەسانەی کرد بە (کەر) ئەوە ئەوەی ئەو بەڕێزە بناسێت دەزانێت کەسێکە بەو پەڕی عەفەویتەوە قسەی خۆی دەکات، دوور نیە بڵێم جوێنەکانیشی لە جوێنی کەسانی تر ناچێت، چونکە زۆر بە ڕوح سوکیەوە جوێن دەدات، بەڵکو بۆتە خاوەن شێوازێکی تایبەت لە ئاخاوتندا. ئینجا کابرا بریندار کراوە بە سەختی بە سوتاندنی کتێبەکانی، بۆیە بە برای بەڕێزم کاک مەسعود عبدالخالق دەڵێم لە چاوپێکەوتنەکەتدا زۆربەی خاڵەکانت پێکا بەڵام ببمبورە ئەگەر جیاواز بم لە گەڵت لە مەسەلەی (کەرەکەی) فەرهاد پیربال هەرگیز بەراورد ناکرێت بە (سەگەکەی) سەرۆ قادر.

٢٠٠٩/٨/٨

# ئەو کتێبەی فەرهاد پیربال بخوێنەوە، ئینجا دەزانیت چ لێکۆڵەرێکی گەورەی کوردە!

بەداخەوە زۆربەی خەڵک، کە کەسێک ناودار دەبێت، لە چاویلکەی میدیاوە بۆی دەڕوانن، نەک بگەڕێنەوە سەر نووسینەکان و بیرکردنەوەی و تواناکانی، کاتێک کتێبی: مەلا مەحمودی بایەزیدی (١٧٩٩ - ١٨٦٠) یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، ی فەرهاد پیربالم خوێندەوە، زیاتر فەرهاد پیربالم ناسی کە چەند لێکۆڵەرێکی گەورەی کوردە.

لەو نووسینەیەدا پاش ئەوەی دەستنوسێکی زۆری کەڵە زانای کورد مەلا محمودی بایەزیدی دەدۆزێتەوە لە ئەرشیفخانەکانی فەرەنسا و ئەوروپا، ئینجا بە بەڵگە دەیسەلمێنێت، کە یەکەم چیرۆک نووس و پەخشان نووسی کورد مەلا محمودی بایەزیدییە، کە دەیەها کەلەپوری ئەدەبی کوردی لە فەوتان ڕزگارکردوە، بە هاوکاری قونسڵی ڕوسی ئەلکسەندەر ژاپا.

فەرهاد پیربال دەڵێت جیرۆکی مەم و زینی خانی، مەلا محمودی بایەزیدی لە ساڵی ١٨٥٦ بە پەخشان نووسیویەتەوە، کەوابوو لە بواری پەخشاندا و هەورەها چیرۆکیشدا، چیرۆکە پەخشانەکەی مەلا محمەدی بایەزیدی لە هەموو پەخشانەکانی پێشوتر، وەک مەولودنامەکەی شێخ حسێنی قازی کە لە ١٨٦٠ نووسراوە، هەروەها عەقیدەنامەی کوردی مەولانا شێخ خالیدی نەقشبەندی کە نیو سەدە پاش وەفاتی مەولانا مەلایەک نووسیویەتەوە ١٨٧٧، کۆنترە.

لە بارەی چیرۆکیشەوە ئەوە باسی ڕۆمانی [لە خەوما] ی جەمیل سئیب دەکرێت کە لە ١٩٢٥ نووسیویەتی، هەندێکیش باسی چیرۆکەکانی فوئاد تەمۆ دەکەن کە لە گۆڤاری [ڕۆژی کورد] لە ١٩١٣ بڵاویکردۆتە، کە چەند پاش چیرکەکەی مەلا محمودی بایەزیدیە...

فەرهاد پیربال باس لە ڕووداوی ڕاگرتنی لە فرۆکەخانەی ئەنقەرە دەکات، کە چەندین دەسنووسی کۆنی بە نرخی کوردی کۆپی کردبوو، تورکە شۆڤینیەکان لێی دەستێنن و لەبەرچاوی خۆی ئاگری تێبەردەدەن! خوا ڕەحمی کردوە ئەوروپا وجودی هەیە، دەنا کورد لەوەبوو هیچی نەپارێزرابا، چونکە ئێستاش زۆربەی دەسنوسەکان لە ئەوروپا و ڕوسیا پارێزراون.

ئەوە لینکی ئەو لێکۆڵینەوەیە گرنگەی فەرهاد پیربال م داناوە بۆ ئەوەی بیەوێت بیخوێنێتەوە وبزانێت پیربال چەند لێکۆڵەرێکی دڵسۆز و گەورەی کوردە...

دەبێت سەد نەخوێندەواری خوراڤاتچی وەک مەلا عەلی کەڵەکی وەک قوتابی بچوک لەبەردەم پیربال دانیشن، بەس ئاخ لەو زەمانە سیاسیە و دینییە سەخیفە، فەرهاد پیربال ناچار بکات پەنا بۆ دەجالە سیاسی و دینیەکان بات.

٢٠١٧/٢/١٥

## ئەو ڕۆمانە شاکارێکی هەولێریانەی فەرهاد پیرباڵە!

## ١

ڕاستە ناوی ڕۆمانەکە و ناوەرۆکی ڕۆمانەکە باس لە دیاردەیەکی هەستیار و قێزەون دەکات، بەو پێوەرەی کە کەسانێک لە هەولێری کۆن ئەو کارەیان دەکرد... بەڵام باسکردنی و وتنی ئەو شتە هەستیارانە کەسێکی بوێری وەک فەرهاد پیرباڵی دەوێ بیڵێ! سەیرم پێ دێ کە کەسانێک لە جیاتی بڕواننە بەهای ئەدەبی وکۆمەڵایەتی ومێژوویی ئەو دەقە دانسقەیە، کردوویانەتە بۆنەیەک بۆ تانە لێدان لە هەولێر! نازانن ئەوان لە شارەکانیان فەرهاد پیرباڵێکیان نییە بوێرێ ئاوا ڕاشکاوانە بەشێک لە مێژوو تەمسکراو بگێڕێتەوە!

لەو ڕۆمانەدا چۆن نجیب مەحفوز باسی قاهیرەی کۆن دەکات، فەرهادیش دەڵێی مانگێکی ئاسمانییە و بست بە بستی هەولێری لەبەر چاویدا تۆمار کردوە، بەبێ وێنە هەولێری کۆنت بیردەهێنێتەوە، چۆن میسریەکان لە ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفوزەوە قاهیرەیان لا شیرینتر دەبێت، فەرهادیش لەو ڕۆمانە هەولێر شێرینتر دەکات، و لەناو دەقێکی ئەدەبیدا نەمری پێ دەبەخشی. دەڵێی ئەلبومێکی مێژووی شوێنەکانی هەولێرە وەک تەیراوە و خانەقا و سێتاقان ، قەیسەری

هەولێر، حەمام سیروان، مزگەوتی کوێتی، سینەما حەمرا، چایخانەی بایز، چایخانەی ئەتڵەسی، مزگەوتی حاجی مەغدیدی، مزگەوتی شێخی چۆلی، چایخانەی مام سەلیمی لاسووتاو، و کەبابخانەی خالید بیرێژی.

فەرهاد لەو ڕۆمانە باسی ئەو دیاردە قێزەونە دەکات، کە نەک هەولێر، بەڵکو هەموو جیهانی ئیسلامی گرتبۆوە، هەتا لە هەندێ وڵاتی خەلیج و لە ئەفغانستان بەچەبازی دەگاتە ڕادەی زەواجی منداڵ بە منداڵباز!

کاریگەری فەرهەنگی تورکمانی عوسمانیش بەدیار دەخات، چونکە لە کۆمەڵگا عوسمانیە تورکییەکان ئەو دیاردەیە زۆر باو بووە لەوانەوە گواستراوەتەوە بۆ گەلانی تر غەیرە تورکی.

هەرچەندە پیربال وەک جیرۆکێکی تورکمانانە دەیگێڕێتەوە، بەڵام لەسەر زمانی دکتۆرێکی دەروونناس زەکەریا دۆغرەمەچی، ئەو دیاردەیە دەگێڕێتەوە بۆ جیاوازی وجودایی کۆنکرێتی نێوان نێر و مێ! چونکە هەولێر سەرتاسەر بگەڕێی ژنێک یان کچێک نابینی لەبازاڕ!

زۆر لە گفتوگۆکانی بە کوردیەکی تورکمانی نووسیوە.

"-بەخوا ماڵم قەبرە، مەغدیدی برام لەسەر کاکۆ گیراوە، چونکە ئیشتەم کاکۆی برام موخبیرییان لێ دابوو، ئەویش ئیشتەم چ بکا؟ بووە پێشمەرگە"

یان هەر بە تورکمانی تەواو نووسیتی هەتا وەرگێڕانیشی بۆ نەکردوە، و زۆر وشە و ناوی تورکمانی بەکارهێناوە لە ڕۆمانەکە. بۆ نمونە:

الله وێردی، کە فەرمانبەرێکی تورکمانی بانقی ڕافیدەین بوو، بە چرپە، بە فەرمانبەرە برادەرەکەی خۆی گوت:

- بێوگ قەرداشی، ئۆزدە جەمالسێوان دی! [هەڵبەتە من مانای نازانم!] ل ٤٣

یان لە شوێنێکی تر:

" دایزە ویداد ژنی مەلۆ خەنجەرچی، بە ئەبلە سەمیرەی ژنی کاکل بنجووی دەگووت:
- گۆزم کۆر ئۆڵسن، یوسف نە گوزەل ئۆغلانیدی!

- ویش" ل٦٧

هەروەها لەو ڕۆمانە فەرهاد کە وەک بەشێک لە یادەوەری دەوروبەری خۆی نووسیویەتی وەک شاگردە قەساپێکی باوکی، لەناو قەیسەری هەولێر، دەڵێی هەموو ڕووداوەکانی بە ڕاستی بینیوە!

دیاردەکە هێندە باوە هەتا کاتێ لە مەرکەزی پۆلیسی پرسیار لە شێرۆ مەدفەعی دەکەن دوێنێ فلان کاتە لە کوێ بووی؟! دەڵێ لەگەڵ قلەکەم بووم لە حەمام! قلیش بۆ منداڵی کوڕ بەکار دەهێنرا لەلایەن ئەو منداڵبازانە!

لە گفتوگۆیەکدا

"یاسین دەڵیت: ئەوە نەجۆ نازدارە، جەماعەت.

کامیار گۆتی: نەجۆ نازدار کێیە؟

- قلی سەلیم ساررووخی.

کارۆخ تەمەنی ١٣ ساڵان بوو، گووتی:

- قل یەعنی چی، یاسین؟

- یەعنی وەک ئەوەی ببێتە ژنی!" ل ٢٥

کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکە زۆربەیان بە ناوی پیشەکانیان ناویان کۆتایی دێت، بازاڕیش کۆنترۆڵکراو بوو لەلایەن خێزانە تورکمانەکانی شار وەک :قاوەچی و چەرچی و بیرچی و قەیماغچی وپۆخچی و کورەچی و حەمامچی و قاپقاپچی وئوتووچی وپەڕەچی هتد ..

هەتا ناوی ژنەکانیش زۆر لەناو تورکمانان باون وەک دایزە نەزیهە و ئەبلە نیهایەت و ئەبلە سمیرە، فەهیمە، بەڵام پلکە بە دۆکەی نانکەریشی تێدایە، دیارە هەژاریکی کوردە! ناوەکانیش هی ئەو ژینگەیەن کە باسی لێوە دەکات، مەولود منداڵباز، شێرۆ مەدفەع، جەمیل دۆخین، قادر قەنینە، کەریم کەرگێ، تاهیر تەسبیح، سەلیم سارووخ، مەلا چاو بەکل، قادر قیرۆ، عوسە کەڕ....

فەرهاد لەو ڕۆمانە هەم ئەو دیاردەیە قێزەونەی منداڵبازی سەرکۆنە دەکات، کە منداڵان و دایک وباوکیانی تۆقاندبوو، بۆیە نەدەوێران منداڵەکانیان هەر بچنە دەرەوە، لە زۆر خۆشی منداڵی بێبەش ببوون، نەدەوێران بچنە سینەما و مەلەوانگە و تۆپانێ لەبەر دەستدرێژی منداڵبازان. هەتا باوکی یوسف حەزناکات یوسفی کوڕی بنێرێتە لای هیچ دوکانێکیش بۆ شاگردی، هەرچەندە دایکی یوسف، بەڵقیس پێ دادەگرێ بۆ ئەوەی فێری سنعەتێک بێت! جابیر جەنازەی باوکی یوسف دەڵێ:

- من پیاوی ناو بازاڕم، باشتر لە تۆ ئەو پیاوە خوێڕی و تۆڕیانە دەناسم کە تۆ پێت وایە یوسف لەلایان فێری کەبابچێتی و نەجاڕی دەبێت!

.... جابیر جەنازە دەیزانی لەناو بازاڕ و چایخانە و کوچە و کۆڵانان، بە ناوی شاگردییەوە چی بە منداڵ و مەزنان دەکرێت!" ل ٣٥

فەهیمە خان بە دایکی یوسف دەڵێ:

- وڵاتی مە ئیشتەم ئاوهایە بەلقیس خان.. منداڵ لە شاری ئێمە بۆیە فێری هیچ نابن. بەخوا منداڵی منیش، باوکیان ناهێڵێ لە کونی ژوورەوە بێنە دەرەوە" ل ٧٠

ئەو ڕۆمانە شاکارێکی هەولێریانەی فەرهاد پیربالە!

٢

یاسینی برای یوسف لە دوای ونبوونی یوسفم بەردەوام مۆتەکەی جاڕسکەر و تۆقێنەر دەبینێت:

زۆربەی منداڵەکان کابوس دەبینن بە منداڵبازەکان، دەقی ئەو خەونە دووبارە دەبێتەوە، هەر جارەی لەگەڵ منداڵبازێک، بۆ نموونە یاسین نیوەشەو ئەو مۆتەکەیە دە بینێ:

کۆمەڵێک خوێڕی وتۆڕی و منداڵباز، بە هەموویان دەورەیان دابوو. سەلیم ساڕووخ، کە منداڵبازێکی گەڕەکەکەی خۆیان بوو، لێی هاتە پێشەوە و دەستی ڕاکێشا، لە ناو منداڵباز وخوێڕییەکاندا قوتاری کرد، ئینجا سواری پاسکیلێکی کردو پێی گووت:

- بچۆرە چایخانەکەی عومەر پاڵەوان، ئێستا منیش دێمە ئەوێ، ڕاکە!

- یاسین لەو دەمەیدا یوسفی برای دەبینی هاواری دەکرد:

- یاسین نەکەی سواری پاسکیلەکەی سەلیم سارووخ بیت! فیڵت لێدەکا، دەتبا! ئەتکت دەکا! نەکەی سواری پاسکیلەکەی ببی!" ل ٣٧-٣٨

هەروەها لەلایەکیتر سەرکۆنەی بەعس دەکات کە چۆن ئەو شەلاتی وداوێن پیسانەی دانده دەدا! هەتا شێرۆ مەدفەع منداڵبازێکی پیس بوو چوار برای هەبوو کە زۆربەیان لەلای دەوڵەتی بەعس کاریان دەکرد، رائد نعیمی برای بەرپرسی شوعبەی ئیستخباراتی بەعس بوو لە مەخمور، شێرۆ هەر کەتنێکی کردبا بە ئاسانی ڕزگاری دەکرد لە زیندان و سزا! لە شوێنێک باسی دوو ئەندامی ئەمنی بەعس دەکات، کە چۆن گێچەڵی سێکسی بە یوسف دەکەن!

ڕوداوەکان لەوە دەست پێدەکات کە دایکی یوسف کوڕی مام جابر جەنازەی لێفدوور، منداڵەکەی دەنێرێتە فڕنی مەلا چاو بەکلی بۆ نان کڕین، لەوێ گوایە بە زۆری لاقە دەکرێ، مەولود منداڵباز و مەلا چاو بەکل و شێرۆ تاوانبار دەکرێن لە سەرەتادا، دوایی تۆمەتەکە دەدەنە پاڵ مەولود منداڵبازی! کە ڕادەکات لە مەخفەری پۆلیس ودەچێتە موسڵ، لەوێ دەکوژرێ بە دەستی کەسانێک کە مناڵی ئەوانیشی لاقە کردوە! دوایی دەردەکەوێ کە یوسف کە مناڵێکی زۆر قشت وجوانە لەلایەن ئەمنی بەعس فڕێندراوە، بە تۆمەتی تەنزیم بوون بۆ پێشمەرگە!

فەرهاد پەیامێکی زۆر ئینسانیانەی پێیە لەو ڕۆمانە، و دەجەنگی دژی ئەو وەزعەی مندالانی تێدابوو. مناڵەکان خەون بە شۆڕش کردن دژی منداڵبازەکان دەبینن، بەڵکو دژی هەموو گەورەکان کە ترسنۆکن وناتوانن منداڵەکان لە دەستی ئەو دڕندانە ڕزگار بکەن! یاسین لە خەونێکدا دیتی خۆیی وبرادەرەکانی دوو باڵیان لێ ڕواوە، بڕیاردەدەن هەموو منداڵبازەکان بکوژن!
" – برادەران ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی دژی منداڵبازەکان

بجەنگین و لەناویان بەین...
....
- ئێمە نەک تەنیا مداڵبازەکان، بەڵکو پێویستە هەموو خەڵکی گەورە [پیاوەکان] لەناو ببەین وبیانکوژین.
- -بۆچی؟ خۆ ئەوان منداڵباز نین؟!

- ئەو پیاوانە، ئەو گەورانە (باوکمان، خاڵمان، مامەکانمان..) ئەوانەی منداڵباز نین، خەتای ئەوانە کە ناتوانن ئەو منداڵبازانەمان لە کۆڵ بکەنەوە. خەتای ئەوانە کە دەمانخەنە ناو ئەو منداڵبازانەوە. خەتای ئەوانە کە نایانەوێ لە دەست ئەو هەموو منداڵبازانە بمانپارێزن. ئەو خەڵکە گەورانەن بوونەتە هۆی بەدبەختی ئێمە ودەردەسەریەکانمان.
- بەڵێ ئێمە پێویستە ئەم شۆڕشە دژی هەموو پیاوەکان و گەورەکان بکەین، بەڵام پێویستە لە سەرەتادا بە منداڵبازەکان دەست پێبکەین.

- چۆن دەست پێبکەین؟

- بیانکوژین" ل ٧٢-٧٦

دەتوانن ڕۆمانەکە لە کوردپیدیا دابەزێنن...

**محەمەد هەریری**

**٢٠١٨/١٢/٢٢**

| بابەتـەکان | ژ لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | |
| بەشی یەکەم<br>دیاردەی بەهلولیزم: حزبایەتی وکوردایەتی و شارچیایەتی و ئافرەت | |
| کوردایەتی بەرخەکەی مەسعود بارزانی! | |
| شێخ محمودی سەلەفی! | |
| پیرباڵ و ئافرەت! | |
| بەشی دووەم: فەرهاد پیرباڵ دەسەڵات و کۆمەڵ | |
| فەرهاد پیرباڵ : بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی | |
| دوو جوێندەر هاوسەرگیری بکەن، قاموسی ئۆکسفۆردی جوێنیان دەبێ! | |
| هەولێر لە نێوان داپلۆسین ولاقرتێ دا | |
| پارتی لە شێتکراوی خۆشی قبوڵ ناکات! | |
| ئەو چاو پێکەوتنەی فەرهاد پیرباڵ زۆر شت دەڵێ | |
| سوپاسی دۆستە دوژمنەکانت بکە فەرهادا! | |
| دیسان بۆ فەرهاد هاتمەوە گۆ! | |
| هەزارجار پیرۆزت بێت کاک فەرهاد پیرباڵ | |
| بەشی سێیەم: فەرهاد پیرباڵ: دینی قورئانەکەی دایکی! | |
| مەلا عەلی و فەرهاد پیرباڵ: مەرگی ڕۆشنبیر و ژیانی جەهل و خورافەت! | |
| فەرهاد پیرباڵ و مەلا عەلی بۆ؟! | |
| فەرهاد پیرباڵ دینی عەلی کەڵەکی لە جیاتی دینی عەلی شەریعەتی! | |
| ئەوە وتارە یان وڕێنەی پاش نەشتەرگەری و بەنج بەردانە؟! | |
| بەشی سێیەم: فەرهاد پیرباڵ و نووسین وئەدەب | |

| | |
|---|---|
| لە گەندەڵی سەردەمی شێخ محمودەوە بۆ گەندەڵی سەردەمی بارزانی! خەبات بەردەوامە | |
| کە وێران ئاوەدان دەکرێتەوە! | |
| سوتاندنی کتێب لە نێوان (کەرەکەی) فەرهاد پیرباڵ و (سەگەکەی) سەرۆ قادر | |
| ئەو کتێبەی فەرهاد پیرباڵ بخوێنەوە، ئینجا دەزانیت چ لێکۆڵەرێکی گەورەی کوردە! | |
| ئەو ڕۆمانە شاکارێکی هەولێریانەی فەرهاد پیرباڵە! | |

تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون لە: زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

**دۆسێی:**
ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا [دۆسێی ژمارە ( ١ )]
**دۆسێی:**
ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا!
جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا!
[دۆسێی ژمارە ( ٢ )]

**دۆسێی:**
ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی [دۆسێی ژمارە ( ٣ )]

**دۆسێی:**
پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەک [دۆسێی ژمارە ( ٤ )]

**دۆسێی:**
ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب [دۆسێی ژمارە ( ٥ )]

**دۆسێی:**
ئیمام نەجمەدین تۆفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا [دۆسێی ژمارە ( ٦ )]

**دۆسێی:**
فەرهاد پیربال: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! [دۆسێی ژمارە ( ٧ )] ئەو دۆسێیەی بەردەستت
دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠١٥٠٦٣٠٢٢٥٢٠٣١٢٤٦٥٩&lng=١

## بەرهەمەکانی تری نووسەر:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- ڕابوونی مەرگ

هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کورپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:
http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=٨&main=٢٠١٥٠٦٣٠٢٢٥٢٠٣١٢٤٦٥٩&qr=true&report=relateditems

A Series of Cultural
& Intellectual Dossiers
Dossier Number: ( 7 )

# Dossier of:
## FARHAD PIRBAL
## The Clown (Bahlool) of Kurdish Authority

Written by:
Mohammed Hariri








First Edition:
First Edition: March 2019 Design: hadi hunar